ئازادی بیرو باوڕ لە یاینەکاندا
تۆیژینەوەیەکی بەراوردکاریە

د . صالح أمين عزيز
زانکۆی هەڵە بجە / کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

تاريخ استلام البحث : ٦ / ١٢ / ٢٠١٥ تاريخ نشر البحث :٢٥ / ١ / ٢٠١٦

بە ناوی خوای بە خشندە ی میهرە بان

پوختـــــــــــــە

گرفتی ئازادی کۆنە بەکۆنی مرۆڤ ، بیرتیژەکان و ڕووناکبیران نەریتی ئایینیان بەکار دەهێنا بۆ گەیشتن بە ئازادی ، لەم تۆیژینەوەیەدا ڕۆڵی ئاینە مرۆڤ کردەکان و ئاینە ئاسمانیەکان و گرنگیان بۆ مرۆڤ ڕوون دەکەینەوە ، ئایا ئاینەکان توانیویانە ئارەزووەکانی مرۆڤ جێبەجێ بکەن .

پێشەکی

پرسی ئازادی پرسێکی کۆنە بە کۆنیەتی ئادەمیزاد و پەیوەندی بە هۆش و بیری مرۆڤەوە هەیە ، لە گشت چەرخەکاندا بیر تیژو ڕوناکبیرو فەیلەسوفەکان وێستوویانە لە گەڵ ئایینیدا بگونجێن ، ئایین بکەن بە ڕێبازو مۆمی ڕووناکی بۆ گەیشتن بە ئازادی ، چونکە مرۆڤ هەرلە سەرەتای دروست بوونیەوە ترسێك لە ناخیدا هەیە بەرانبەر بە نادیار ، ئەم ترسە وای لێئەکات بگەڕێت بە شوێن بەرنامەیەکدا کە ئەم ترسەی لێ کەم بکاتەوە .

ئەگەر بێتو بەوردی مێژوو بخوێنینەوە دەبینین هەژاران و چەساوەکان و کەمدەستان بە زۆری بەرەو ئایین ڕوویان ناوە ، چونکە ئایینیان بە تاکە ڕزگارکەر زانیوە ، کە هەر ئەو دەتوانێت لە ناخۆشیەکانیان ڕزگاریانکات و ئاسودەیان بکات ، مژدەی پاشە ڕۆژی پڕ خۆشی و نەبڕاوەیان پێبدات ئەمەش لە ئاینە ئاسمانیەکاندا بە ڕۆشنی دەردەکەوێت .

دەتوانم بڵێم تاڕادەیەکی باش مانای ئاین و ئازادی شیکراوەتەوە ، چ لایەنی زمانەوانی بێت یاخود فەلسەفی ، باسی پەیوەندی نێوان ئازادی و ئاینە مرۆڤ کردەکانیش کراوە، جا با ئەم بیرو بۆچوونانە هەڵسەنگێنین ،چونکە لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی ئاینە کۆنەکان کارێکی ئاسان نیە لەم چەند دێڕەدا ، بەڵام دەستنیشانی بانگەێشتە ئایئیەکانم کردووە کە هەوڵیانداوە ئازادی و خۆشگوزەرانی پێشکەش بە ئادەمیزاد بکەن ،

وه هەندێك توانیویانە سوودەکانی ئەم شۆڕش و گۆڕانکاریە ئاینیانە بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ، هەروەك چۆن ئەمڕۆ لە سەدەی بیست و یەکدا لە ژێر پەردەی ئایندا کەسانێك دەیانەوێت بگەنە ئامانجە پامیاریەکانیان و پلەو پایەی دنیایی و سەروەت و سامان بەدەستبهێنن ، چونکە لەبنەڕەتدا مەبەستیان خزمتکردنی ئاین نیە.

جا با بزانین ئاینە ئاسمانیەکان چۆن ئامانجیان بۆ ئەم باسە کردووە ، ئایا پێغەمبەران ڕۆڵیان هەبووە لە فراوانکردنی ئازادی مرۆڤایەتیدا ؟ .دیسان لە دووتوێی ئەم تۆێژینە وە دا باسی بیرۆکەی ئازادیمان کردووە لە ڕوانگەی سێ ئا ینە ئاسمانیە سە ڕە کیکەدا و ،لە ئاینە مرۆڤ کردە کانیشدا،هیوا دارم ئەم تۆێژینەوەیە تەمو مژ لەم بوارەدا بڕەوێنێتەوە و ڕووناکی و ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەم تۆێژینەوەو لێکۆڵنەوەیە :

بەشی یەکەم: ئایین و ئازادی

ئاین لە زمانەوانیدا بە مانای گوێڕایەڵی دێ، لە دینەوە وشەی دەیان هاتووە ، کە یەکێکە لە ناوەپیرۆزەکانی خودا ، کە مانای دەسەلأتدارو بە تواناو هێز بەدەست(١).

ئیین مەنزور دەڵێت : دین لە وشەی (دان الناس) بەمانا سەردانەواندن بۆ گوێڕایەڵی و پەیڕەوی هاتوە (٢) هەروەها بەمانا ی ڕەستاخێزو ڕۆژی دوایی هاتوە ، خوا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: قال تعالى : { أَئِنَّا لَمَدِينُونَ} (٣) ، هەندێك جار وشەی دین لە قورئانی پیرۆزدا بەمانا لێپرسینەوە هاتووە وەك خوا لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت :قال تعالى : { مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ } (٤) .خاوەنی ڕۆژی لێپرسینەوە ، بەلأم زانایان بەم شێوەیە مانای ووشەی (الدين) لێکدەدەنەوە ، ئایین یاسایەکی دانراوی خوداییە بانگهێشتی خاوەن هۆش و بیرەکان دەکات بۆ وەرگرتن و سەلماندنی ئەو بەرنامانەی کە پێغەمبەران هێناویانە(٥). بەمانایەکی دیکە ((بەرنامەیەکی خواوەندە بۆ خاوەن هۆش و بیرەکان تا بیانگەیەنێتە خۆشی و چاکە لە دنیادا و خۆش بەختی و سەرفەرازی لە ڕۆژی دوایدا))(٦).

لێرەدا ئاین بیرو باوەڕو کردەوەکان دەگرێتەوە ، وەبە هەموو (دین) یەکیش ئەوترێ ، ، وە هەندێك جار تایبەت دەبێت بە ئیسلام ، وەك خوا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت : {إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّه الإِسْلاَمُ} (٧) ، لەڕاستیدا ئاییینی پەسەندکراو لای پەروەردگار تەنها ئیسلامە .

لەڕاستیدا ناتوانین وشەیەکی تەواو بەرامبەر وشەی ئاین (دین) دابنێین چونکە زۆر مانا دەگرێتەوە ، چونکە (دین) بەمانا (ملە) و (شرعە) و (منهاج) و (سنە)و (جماعە) هاتوە لە قورئاندا ، هەریەکێك لەم وشانە مانایەکی تایبەتی هەیە ، وە جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا. لەم ڕوانگەوە شەهرستانی کە لە ساڵی (٥٤٨ ك وەفاتی کردووە) (٨) دەڵێت:

(لەبەر ئەوەی ئادەمیزاد پێویستیان بە یەکتری هەیە، یەکترناسین، کۆمەك کردن دروست دەبێت) ئەم یەکگرتنە بە (ملّە) دەناسرێت، ئەو ڕێگەیەی کە دەگات بە(ملە)ئەو منهاج و شرعە و سنە یە تێکڕا، ئەو کۆمەڵگای ئیسلامەیە کە خوا دەفەرموێت :قال تعالى : { لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا } (٩). هەرچەندە ئەم پێناسانە جیابن لەیەکتری ئاینی ڕاست هەر یەکێکە ، چونکە مرۆڤ پەیوەست دەکات بەخواوەندەوە ، ئاینە ئاسمانیەکان هەموویان لەیەك سەرچاوەوە هاتوون ، لە بنەڕەتدا هەموویان یەکن ، ئامانجی هەموشیان یەکخوا پەرستیە و چاکسازیە.

ئایین و سەرەتایی ئادەمیزاد:

ئاین لە دێرینەوە تا ئەمڕۆ کاروبارە شاراوەکان ڕێکدەخات دەکات ، لە سەروی هەمویانەوە باوەڕبون بە شتە نادیارو شاراوەکان (الغیب) هەمیشە ئادەمیزاد بەدوای ڕاستیدا گەڕاوە بەرامبەر شتە نادیارەکان ، وەلە بوونەوەر کۆڵیوەتەوە ، سەرچاوەی داهاتووی بۆچی دروست بوە ، لە سەرەتادا ئادەمیزاد لە شتە شاراوەکان دەکۆڵیەوە ، وە نەی دەزانی چۆن لێیان تێبگات ، دروستکەریان کێ یە ؟ هەر لەم ڕەوانگەشەوە پەرستراوەکان جۆراو جۆر و زۆر بوون(١٠)، خوای با ، خوای بەرهەم ، خوای باران ، خوای مردن .....

لێرەوە دەرکەوت کە هەستی ئاینی هەستێکی سروشتی یە کە مرۆڤ هەستی پێدەکات و جوانی و ڕێکوپێکی گەردوون دەردەخات ، وەپاڵ بە ئادەمیزادەوە دەنێ و دەیجوڵێنێ کە هێزێکی بە توانا هەیە کە ئەم بوونەوەرە دەجوڵێنێ و ئاسمان و ڕێسمانی ڕاگرتووە) (١١) خوا دەفەرموێت: قال تعالى : { فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لاَ تَبْدِيلَ لِخَلْقِ } (١٢).

هەر لەو کاتەوە کە ئادەمیزاد لە دارستاندا ژیاوە هەوڵی داوە کە جوڵەو شاراوەیی بوونەوەر تێبگات ، واتێگەیشتوە کە هێزێکی شاراوە دەیجوڵێنێ لەگەڵ هاوەڵ و هاوبیرەکانیدا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کەوا هێزێك لە ئادەمیزاد بالأدەستر هەیە کە بوونەوەر دەبات بەڕێوە ئەمە بەیەکەم بیرۆکەی ئاینی دەژمێردرێت ، ئەمە یەکەم شتێکە کە خەڵکی بەکۆمەڵ پەیڕەوی دەکەن ، وورده وورده پەرستراوەکان بوونە هۆی دەسەلأتدار و ڕاپەڕاندنی یاساکانی دەوڵەت ، هەر ئاینێك لە خەڵك دوور کەوێتەوە بە ئاینێکی دوورە پەرێز دەناسرێت ، لێرەدا مەبەست ئاینە مرۆڤ کردەکانە، وە ئەو ئاینە پێویستە نزیك بێت لە مرۆڤەوە و کارەکانی ئاسانبکات.

پێویستی ئاین بۆ ئادەمیزاد:

ئایا ئادەمیزاد پێویستی بە ئاین هەیە ؟ بەڵێ ئاین زۆر پێویستە بۆ ئادەمیزاد کە ئاینێکی هەبێت و پزگار کەری بێت و بیگەیەنێتە چاکەو خۆشبەختی ، هیچ هێزێك نیە لە سەرزەویدا وەك ئاین پێز لە یاسا بگرێت و خەڵك لە خۆی کۆبکاتەوە ، تەنها ئاین دەتوانێ دڵنیایی بە خەڵك ببەخشێت و لە دوودڵی پزگاری بکات ، دڵەکان بە یەکدیەوە پیوەست بکات ، وە هەرکۆمەڵێك ئاین پەیوەستیان نەکات پێکەوە دوودڵی و دڵە پاوکی و گومان و پوخان لە ناویاندا بە زووی پەرە دەسێنێت ، ئاین کاریگەریەکی ئێجگار زۆری هەیە لەسەر خەڵك لەپووی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە (١٣).

لە پووی دەرونیەوە لە سەرەتادا ئادەمیزاد بڕوای بە هێزێکی بە توانا هەبوو کە لە سەرووی هەموو دەسەڵاتێکی تردەوەیە، بەڵام نەیدەزانی چۆنی باسبکات، بۆیە بە چەندین شێوە لە جموجوڵیدا دەردەکەوت ، هەروەها بیرو باوەڕ هەرئەوەنیە کە لە نێوان ئادەمیزادو پەروەردگارداهەیە، بەڵکو پەیوەندیەکی ڕاستەقینە هەیە، خاوەن ئاین هەست بەوە دەکات کەوا بێهێزو ژێر دەست و لاوازە بەرامبەر بە هێزی شاراوەی گەردوون، بۆیە هەر لە دروستبوونی ئادەمیزادەوە هیچ گەل و نەتەوەیەك نەبووە کە جۆرێك لە جۆرەکانی ئاین لە ناویاندا نەبوبێت با ئاینێکی ناتەواویش بووبێت(١٤) خوا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ، قال تعالى : (فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ) (١٥) وە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت : (عن أبي هريرة (رضي الله عنه ، قال : قال النبي صلى الله عليه وسلم : كل مولود يولد على الفطرة فأبواة يهودانة أو ينصرانة أو يمجسانة كمثل البهيمة تنتج البهيمة هل ترى فيها من جدعاء) (١٦).

برجستون(١٧) دەڵێت : (زۆر لە کۆمەڵە ئادەمیەکان هەبوون کە هیچ جۆرە هونەرو فەلسەفەیەکیان نەبووە ، بەڵام هیچ کۆمەڵێك نەبووە کە وا بێ ئاین بووبێت) (١٨).

ئەم بیرۆکەی ئاینە پەیوەست بووە بە هەست و دەروونی مرۆڤەکانەوە ، ئاین خواردنی ڕۆحە ، ئەگەر ئاین لە مرۆڤ دوربخرێتەوە لاشەیەکی بێگیانی لێدەردەچێت ، دەبێتە پەیکەرێکی بێهەست ، کاتێك کە ئادەمیزاد نەشونمایکرد و لە ژیانی دارستانەوە بۆ ژیانی یاسایی بو بە گەشە سەندنێکی سەرەکی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

ئاین هەمیشە لە ناخ و دەروونی ئادەمیزاددا هەبووە ، لە هەرچەرخێکدا بە شێوازێك بە گوێرەی باری شارستانی و ئابوری مرۆڤەکان دەرکەوتووە ، ئەو هێزە دەرونیە ناوخۆییەی کە لە ناخی مرۆڤدا هەیە لە چوارچێوەی ئایندا دەردەکەوێت ، ئاین یارمەتیدەری هۆشی ئادەمیزادە ، چونکە عەقڵ و هۆشی ئادەمیزاد هێزێکی بیرکەرەوەیە تا بزانێت چی لە بوونەوەردا هەیە ، هەوڵی ئەوە دەدات بزانێت کە شتە شاراوە و هەست پێکراوەکان بزانێ ،

ئاین بیری ڕاست بە ئادەمیزاد دەبەخشێت ، پاش ئەوەی بە دوورو درێژی دەگەڕێت بە دوای ئەو هێزەدا کە ئاسوودەیی پێدەدات ، ئەم کارە تەنها بە ئایین دەکرێت (١٩) .

ئایین ڕەگەزێکی بە هێزە بۆ پەروەردەکردنی ویژدان وبەهێزکردنی ، دەبێتە پاڵنەری دەروونی و پاککردنەوەی لە هەموو پاڵە پەستۆیەکی دونیاپەرستی و سەرکەوتن بەسەر دوودڵیدا ، بەهۆی ئاینەوە چەندین نەخۆشی دەروونی چارەسەر دەبێت وەک دوودڵی و دڵتەنگی و بێ هیوابوون و ترس ودڵەڕاوکە ، بە هۆی گەرانەوە بۆلای پەروەردگار و پاڕانەوە لێی ، ئارامی بە سنگ و دەروون دەبەخشێت { وَإِذَا غَشِيَهُمْ مَّوْجٌ كَالظُّلَلِ دَعَوُاْ اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ } (٢٠).

ئایین زۆر لە پێویستیە دەروونیەکان ساڕێژ و چارەسەردەکات و تینوێتی دەشکێنێت ، سودبەخشە هۆش و دڵی ئادەمیزاد خۆش دەکات ، بەم شێوەیە ڕاستی وشەکەی عەباس محمود عەقاد دەردەکەوێت کە دەڵێت : (ئایین پێویستە بۆ مرۆڤ و ناتوانی بێ ئایین بژی)(٢١).

لە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە ئاین (پێویستیەکی کۆمەڵایەتی تەواوە) (٢٢) ئادەمیزاد خۆی لە خۆیدا پەیوەستە بەکۆمەڵگەوە ، کۆبونەوەی خەڵک پێویستی بە یاسایەک هەیە بۆ ڕێکخستنیان و پێکەوە بەستنیان تا ئاژاوە دروست نەبێت ، خەڵک تەنها هەڕەشە و سزا نابێتە هۆی چاکبونیان ، زۆرکەس هەیە کاری نایاسایی ئەنجامدەدات و لەیاسا یاخی دەبێت ، ئایین ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە بۆ ڕێزگرتن لە یاسا، هیچ هێزێکی تر وەک هێزی ئایین کاریگەر نیە ، کەواتە ئەو کاریگەریەی کە ئایین هەیەتی دەتوانرێت سودی لێ وەربگیرێت بۆ سەقامگیری و ئاسایش و دوورکەوتنەوە لە تووندڕەوی (٢٣).

کەواتە ئاین باشترین ڕێگایە بۆ ڕێز لێگرتنی یاسا وە ڕاگیرکردنی هێمنی کۆمەڵ تا ڕزگاریان بکات لە گرفتی لادان ، ئەم هەستکردنە کە لەناخی مرۆڤدا هەڵدەقوڵێت ، هەست بە لێپرسراویکردن و تەنها بە تەواوی لە ناو ئەو مرۆڤانەدا دروست دەبێت کە لە پەروەردگارەوە نزیکن ، وەک ئاشکرایە پێشکەوتن بەبێ لایەنی ڕۆحی هاوتا نابێت و لاسەنگ دەبێت ، بەڵکو هەندیک جار ئەو کۆمەڵگایە کە دوورە لە ئا یینی ڕاستەوە، دەبێتە هۆی مالۆ وێرانی و سەرگەردانی ، هەروەک لە سەدەی ڕابردوودا بووبە هۆی پارچە پارچە بوونی ئەو وواڵتانەی کە لە ئاینەوە دوورببوون وەک وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت(٢٤).

ئایین و هەنگاونان بەرەو ئازادی

ئەگەر بمانەوێت لێکۆڵینەوە بەرامبەر ئازادی بکەین بە چ شێوەیەك ڕزگاری بکەین لە دەست هەندێك کۆت و زنجیر، ئەو ترس و بیمەی کە لە چواردەوریدا هەیە پاڵ دەنێت بە ئادەمیزادەوە کە لێکۆڵینەوە بکات ، ئایا ئەم بونەوەرە پان و بەرینە ڕاگرێکی هەیە ، دروستکەرێکی هەیە ؟ هەمیشە بیریی دەکردەوە کەوا کەسێکی تری بالآدەست تر لە بونەوەر دا هەیە ،ڕزگاری بکات لە دەسەلآتی نادیاری بوونەوەر.

ئادەمیزاد چەندین دوژمنی هەبووە نەیدەزانی چۆن لێیان ڕزگاری بێت وەك هەورە گرمە و ڕەشەبا ، دوژمنی دووەمی ئادەمیزاد گیانلەبەرە درندەکان بووە ، هەمیشە هەوڵیداوە لەم جۆرە ترسانە ڕزگاری ببێت جا ئەو ترسانە سروشتی بووبن یان شتی شاراوە ، هەر لەبەرئەوە بووە هێزی بالآ دەست بۆ ئادەمیزاد پێویست بووە ، وە ئەو هێزەش لە هێزی سروشت و گیانلەبەرە درندەکان بەهێزتربێت .هەمیشە هاواریان بۆ ئەو هێزە دەبرد کە نادیار بوو ، بە تایبەتی لە کاتی پێویستی و تەنگانە دا ، لێرەوە ئاین بوو بە سەرچاوەی یەکەمی ئازادکردنی ئادەمیزاد لەو ترسەی کە هەیبوو بەرامبەر سروشت .

زاراوەی ئازادی لە چیەوە هاتوە ؟.

وشەی ئازادی لە زمانەوانیدا بەرامبەر ووشەی liberti فەرەنسیە و liberty ئینگلیزیە ، بەلآم وشەی ئازادی لە زمانی عەرەبی دا بریتیە لە وشەی (حر) لە پێش ئیسلامدا ئەم ووشەیە هەبووە ، (حر) بە مانا (خانەدان) بووە ، لە کاتی خۆیدا کە کۆیلە باوبووە بەرامبەر بە ووشەی (رق) بەکار هاتووە ، هەندێك جار لە شوێنی خۆیدا بەکارناهێنرێت بە (النبل والسدد) خانەدان و تیاوەستاو بەکاردەهێنرێت(٢٥).

لەفەرهەنگی عەرەبیدا هاتووە (حر الکلام) ئازادی قسەکردن ، مانای ئازادی بیرو ڕا نیە ، یانی ووشەیەکی زۆر پاراوە بەمانا ىڕەوانبێژی ، وە دەوترێت (الحر من الناس) یانی پیاو ماقوڵ و باشترینیان ، ئازادی لە هەموو شتێکدا گەردن ئالآ باشترینیانە(٢٦) ، چەندین وشەی ترهەیە بەرامبەری لەوانە وازلێهێنان و دەستلێبەردان و دەست لێهەڵگرتن ، سەر بڵندی ، ڕزگاربوون(٢٧).

ئازادی مانای چیە ؟

ئازادی یەکێکە لە گیروگرفتەکانی فەلسەفە لە دێرینەوە بگرە ئاڵۆزترینیانە ، تا ئەمڕۆش گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت لە لایەن تۆێژەر و خاوەن بیر تیژەکانەوە لە گشت چەرخەکانی میژوودا گرنگی بنەڕەتی پێداوە ، کلیلی هەموو گیروگرفتە فەلسەفیەکانیش بووە یەکێکیشە لە ناسکترین ئەو گیروگرفتانەی کە هاتووەتە ڕێگای لێکۆڵەرەوەکان ، بۆیە بوونی ئازادی پەیوەندی بەخودی مرۆڤەوەیە چونکە مرۆڤ بەئازادی دروست بوەو ڕێزلێگیراوە {وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ} (٢٨) . ئازادی بەتەنها دەتوانێت بپرسێتەوە وپرسیار بکات لە ئازادی ، ئازادی تەنها گیرو گرفتی سەرزارەکی ئادەمیزاد نیە ، بەڵکو گیروگرفتێکە بەبەردەوامی لەگەڵ ئادەمیزاددا هەبووە کاتێك کە لییدەکۆڵنەوە تا چ ڕادەیەك بە ناخی ئادەمیزاددا ڕۆچووە ، کاری لە سەرهۆش و بیرو لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری کردووە ، بۆچی ئاین واکاریگەرە ، هیچ هێزێك ناتوانێت ئەم کاریگەریە کەمکاتەوە(٢٩) .

وەك دەردەکەوێت ئازادی بەتەواوی جێگرنابێت تا ئادەمیزاد چاك وخراپی خۆی لە یەکدی جیا نەکاتەوە ، چونکە ئازادی هەمیشە بەتەواوی نایەتەدی بۆ ئادەمیزاد ، ئازادی کارکردن و دەسەڵاتی تەواو تەنها ئازادی خوایە ، ئازادی ڕاستەقینە لە سەربەخۆیدا خۆی نابینێتەوە ، بەڵکو هەمیشە و بەدرێژایی مێژوو دەستە ژێری سروشت بووە ، ئەوکاتە نەبێت کە زانیاری پەیداکردووە بە یاساکانی سروشت .

گیروگرفتی ئازادی گیروگرفتی ژیانە ، بیرۆکەی ئازادی وەك هەموو بیرۆکەکانی تر لە گۆڕان و بەرەو پێشچوونداا بووە بە هاوتای بەرانبەر لە گەڵ ئادەمیزاددا ، هەمیشە ململانی کردووە ، ئەم ململانیکردنەی ئادەمیزاد لە خۆڕا نەبووە ، بە ڵکو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بووە و هەرگیز کۆتایی پێنایەت تا ئادمیزاد ماوە(٣٠).

ئازادی لە کۆمەڵگەی کۆندا جیاوازی هەیە لە گەڵ ئازادی لە کۆمەڵگەی نوێدا ، لە کۆمەڵگەی کۆندا ئازادیەکان زۆرن بەڵام بەندکراون ، لە کۆمەڵگەی نوێدا ئازادی لە زۆر شوێن و کاتدا بێسەروبەرە ، بگرە لە هەندێك کاتدا ئازادی دەبێتە هۆی ئاژاوە ئەگەر بەیاسا سنور دارنەکرێت ، بیرۆکەی ئازادی زۆر لایەن دەگرێتەوە لەوانە لایەنی یاسایی ، دەستور ، داب و نەریت ، ئایین ، پەروەردە ، ڕەوشت ، ڕۆشنبیری ، کارپێکردنیان کارێکی ئاسان نیە ، هە موو ئەوانە ئاواتی دێرینەی ئادەمیزادە کە لە ژیانیدا بێتە دی .

پەیوەندی لە نێوان ئایین و ئازادیدا

پاش ئەو باسکردن و لێکۆڵینەوەی دەربارەی ئایین کردمان دەمانەوێت بزانین تا چ ڕادەیەك پەیوەندی لە نێوان ئایین و ئازادیدا هەیە ، کە زۆربەی ئەم باسەی بۆتەرخاندەکەین ، دەتوانین لە تەرازووی وێنەو بیرێکی پڕوناکدا پێکیانگەیەنین ، ئاین دوور خەینەوە لەداخراوی و گۆشەگیری ، هەروەها دووریخەینەوە لە ئەفسانەو بیرو باوەڕی دەماودەمی ، ئایین هەڵقوڵاوی بیری تەواو و گونجاوە ، هەر بە پەیدابوونی ئایین شۆڕش لە نێو مرۆڤەکاندا پەیدا بوو دژی هەموو ناجۆرێك ، ئاین بەهۆی پێویستی ئادەمیزادەوە توانی خۆی بسەپێنێ لە دڵ و هەناوی ئادەمیزاددا لە گشت چەرخەکاندا ، ئەوی دەمەوێت پیی بگەم لێرەدا پەیوەندی ئایین بە ئادەمیزادەوەیە ، لە شێوەی ئەم پرسیارەدا ، پەیوەندی چیە لە نێوان ئایین و ئازادیدا ؟ وە شوێنی ئازادی لە ئایيندا ؟ ئەوپەیوەندیەچیە لەنێوانیاندا و چۆن دروست بووە ؟ ئاشکرایە کە ئایین بە شێوەیەکی گشتی بەدرێژایی مێژوو یەکێك بووە لە هەرەبەهێزترین ئامێری ئازادی لە دەست کۆیلەیەتی سروشت و بونەوەر ، یانی یەکێك بووە لە ئامرازە پاڵپێوەنەرەکانی ناوخۆی ئادەمیزاد ، ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندییەی کە دروستی کردووە لە نیوان ئادەمیزاد و شتە شاراوەکاندا ، ئەویش لە هەرکات و ساتێکدا بە جۆرێك بووە ، تا ئەمڕۆش کاریگەری ئایین بەسەر ئادەمیزادەوە ئاشکرایە ، ئادەمیزاد هەمیشە هەوڵیداوە ئازاد و سەربەست بێت ، وەهەوڵیداوە چۆن وەبە چ شێوەیەك بە ئازادی بگات ، ئەم ئاواتەی ئادەمیزاد تەنها ئایین توانی چارەسەری بکات ، پێویستە ئەوەش بدەینە دواوە کە ئایین بکرێتە گورز و بەکاربهێنرێت بۆ مەبەستی تایبەتی ، یان لەناوبردنی ئازادی بەناوی ئاییەنەوە ، زۆر لە بیرتیۆژو زانایان بڕوایان وایە وریایی و هۆشمەندی ئادەمیزاد بە هۆی ئاینەوە بووە ، هەر ئاین بووە کە توانیویەتی لە دەست چینایەتی ڕزگاری بکات ، پاش دەست بەسەراگرتنی ئایین ، پیاوانی ئایین دیسان بوونە هۆی پێوەندکردنی خەڵك بەناوی ئاییەنەوە ، ئەوەی ئایین نەیڵێت گوێی پێنادرێت وەك چۆن لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا ڕوویدا ، دیسان جارێکی دی هەمان پرسیار دەکەینەوە ، پەیوەندی چیە لە نێوان ئایین و ئازادیدا ؟ پەیوەندی لە نیوان پیشکەوتنی زانستی بۆچونی ئاییەنی لە نێوان پەیوەندی ویستی خوایەتی بەرامبەر ویستی ئادەمیزاد خاڵی دووەم : پەیوەندی هۆی ئابوری و بیرۆکەی بلاّو لە نێوان ئایین و بۆچونە جیاجیاکاندا(٣١).

پەیوەندی نێوان ئایین و میکانیزمە سیاسیەکان بە هەموو بۆچوونە جیا جیا کانیەوە :

ئەگەر چاوێك بە مێژوودا بخشێنین بە ئاشکرا پەیوەندی نێوان ئایین کە هێزێکی گیانیە وەلە نێوان جموجوڵی ئازادی بۆ ئازاد کردنی گەلەکان بۆ پێویستیەکان و دەستبەسەراگرتنی بەهێزو خاوەن دەسەلاتەکان ، وەلە کۆتایدا ئەم پرسیارە دروستدەبێت ئایا ئایین دەتوانێ مژدە بخشبێت بۆ خەڵك ؟ کە بە هۆی ئایینەوە بگەنە گشت ئازادیەکان و ژیانێکی پڕخۆشی و ئاسودەیی بەسەربەرن ، وە ئایا ئایین ئازادی بەخشدەبێت ؟ یان بە پێچەوانەوە ، وەئەوهۆیانە چین کە ئایین و ئازادی پێکەوە دەبەستێت ؟ بۆچوونی ئازادی بەرامبەر ئاین چیە ؟ وە بە پێچەوانەشەوە ، ئایا بە درێژایی مێژوو هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەبوە ، یان هەمیشە ئایین بەرگریکەربوە بەرامبەر بە ئازادی ، بۆچوونی ئادەمیزاد بەرامبەریان چیە ؟ وەچەندین پرسیاری دیکەش کە هەوڵدەدەین وەلأمیان بدەینەوە لەم توێژینەوەیەدا .

بەشی دووەم : ئازادی لای ئاینە زەمینیە کۆنەکان :

لە پێشەوە باسمان کرد کە ئەم باسە بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی ئازادی و ئاینە ، تایبەت نیە بە تەنها ئاینێکەوە کە ئەویش ئاینە ئاسمانیەکان و ئاینە دەستکردە مرۆڤیەکانە ، ئاینەکان بە گوێرەی کۆنترینیان یەك لە دوای یەك لە ڕووی مێژوویەوە بریتین لە ئایینی جولەکە و گاور و ئیسلام ، لە پێشدا باسی کۆنترینیان دەکەین لە ڕووی مێژوویییەوە کە ئایینە ڕۆژهەلأتیەکان دەگرێتەوە ، پاشان ئایینە ئاسمانیەکان ، لە پاشدا پەیوەندی لە نێوان ئازادی و ئایندا شرۆڤە دەکەین :

١ . ئایینە کۆنەکانی میسر .

٢ . ئایینە کۆنەکانی ولأتی دوو ڕوبار(عێراق)

٣ . ئایینە کۆنەکانی هیند ستان .

٤ . ئایینە کۆنەکان لای یونانیەکان .

١ . ئايينه كۆنەكان له ميسر و پەيوەندييان به ئازاديەوه

له پێشدا باسمانكرد كه ئازادی پەيوەندی به جۆری ئايينەكانەوه هەبووه ، وەك لای ميسريه كۆنەكان پێش چاو دەكەوێت) (٣٢).

وشەی (الحريه) له ڕەچەڵەكی ميسريه ، كه به باڵندەيەكی ميسری دەوترێت (الحر) بەمانا (باز) كه له ئاسماندا دەخولێتەوه (hr) بەڵام يونانيەكان به هۆرس ، (hurus) ناوی دەبەن ، ڕۆژئاواييەكان دەڵێن پەرستراوێكی ميسريه كۆنەكانه له بنەڕەتدا له وشەی (الحر) وه هاتووه (٣٣) لەلايەكی تره‌وه پەيوەندی بەبيری ئاينيەوه هەيه له ڕوانگەی فەلسەفيەوه ، له مێژوودا بايەخێكی گرنگی پێدراوه ، چونكه پەيوەندی به ئازاديەوه هەبووه ، ئەويش بيرۆكەی ڕزگاربوونه له مردن له بيروباوەڕی ميسريه كۆنەكاندا ، ئەمەش يەكێكه لەو بيرو بۆچونانەی كه ڕوويەكی فەلسەفی هەيه له بيری ئاييني له ميسر دا كەپێيئەوترێت (بيرۆكەی نەمری) (٣٤)، دەريدەخەن كەوا هەستی ئاييني هەيه دەيەوێت له مردن ڕزگاری ببێت وەدەيەوێت به ئازادیو سەربەستی بژی لەو ژيانه نوێيه بۆ هەتا هەتاييه (دەرچون و ڕزگاربوون بەرەو ڕووناكی)(٣٥).

مردن بەگوێرەی ئەم بۆچونه فەلسەفيه نمايندەی تاريكی دەكات ، پێويسته لێی ڕزگاربێت ، وەئەم ڕزگاربونەش بەهۆی خواوەندی ڕوناكيەوه دەبێت كه له ڕوناكی ڕۆژەوه وەرگيراوه كه ناوی (ئوزيرس) ه (٣٦). هەر لەبەر ئەوەشه ميسريەكان زۆر گرنگيان به گۆڕەكانيان داوه ، هەموو پێويستيەكی بەردەوامیان بۆ ڕۆژی ڕەستاخێز ئامادەكردووه ،وه توانيان داهێنانێكی مەزن بكەن بۆ پاراستنی لەش پاش دەرچونی گيان ، زۆر دەقی ئاينی دۆزراوەتەوه (٣٧) كه بەدرێژی باسی ئەو پەيوەنديه دەكات كه ميسريه كۆنەكان له گەڵ مردندا بويانه .

هەرەسی شۆڕشه ئاييني‌يەكەی ئەخناتوون (٣٨)

دەبێت ئەوه بووترێت كه شۆڕشەكەی ئەخناتوون وريا كەرەوەيەك بوو له مێژوو بيری مرۆڤايەتی دا به گوێرەی بۆچوونەكانی پێشوو، بەڵام كورتخايان بوو ، بەهۆی بارووددۆخەسياسيەكانەوه شكستی هێنا ، بەهۆی ئەو هۆكارانەی تووشی وولاّت بوو بوون) (٣٩). دەتوانين ڕوونتر بڵێين كه شۆڕشەكەی ئەخناتوون پرسيارێك دێنێتەكايەوه ، ئايا ئەم ڕاپەڕينه دژ بەخراپەكاری لەسەر بنچينەی ڕەوشت بووه ؟ يان هۆكارێكی ڕامياری هەبووه ، بەمانايەكی تر ئايا ئەوشۆڕشەی ئەخناتوون دژ بەخاوەن دەسەلاّت بووه ، كه پەرستراوەكانيش بەيەكەوه پەيوەندبوون ؟ ياخود ڕاپەڕين بووه دژ بەخراپ بەكارهێنانی دەسەلاّت ، يان جموجوولێكی سياسی بوو بۆ ئەوەی دەسەلاّت بداته دەست كۆمەلێكی دياريكراو ؟

چوونەناو ئەم جۆره باسانەوه كارێكی ئاسان نيه ، ئەگەر كاری سياسی ڕۆڵی بينيبێت يان نەيبينيبێت ، يان هۆكاری گەيشتن بووبێت بەدەسەلاّت ،

وه دەستگرتن بەسەر هەموولایەنەکانی ژیاندا ، هەرجۆرێك بێت لەم شیکردنەوەیەدا (٤٠) بۆ شۆڕشکردن چەسپاندنی یەکسانی بوون وەجێگیربوونی دادپەروەری و هاوتایەتی ، تا بتوانن بیروباوەڕ پاستکەنەوە ، ئەم کارە بەکارێکی کۆتانەهاتوو دادەنرێت لەلایەن تویژینەرەوەکانەوە ، وەبە (بەرەبەیانی هۆشیاربوونەوە) ناوی دەبەن

٢ ـ گیروگرفتی ئازادی لە بیری ئایینی کۆندا لەولاتی دووڕووبار (الرافدین)(٤١) .

سروشت یەکەم جوڵێنەری هۆشی ئادەمیزادی کۆن بووە ، سروشتی وولاتی دووڕووبار (الرافدین) زۆر هەژاربووە هیچ خەڵکی دڵنیا نەکردووە ، گەیشتوەتە ڕادەیەك هەڕەشەی فەوتانی ئادەمیزادی بەتەواوی کردووە ، لێرەوە سروشت دەستیکردووە بەکاری تۆندوتیژی خۆسەپاندن ، بەم چەوساندنەوەیە یاری بە خواستی ئادەمیزاد کردووە ، ئازادی بە شێوەیەکی گشتی لێزەوتکردووە (٤٢). لەئەنجامی ئەو هەموو گۆڕانکاریانەدا کە لە چواردەوریاندا ڕووی دەدا ئادەمیزادی کۆن لەولاتی دوو ڕووبار (الرافدین) گەڕاوە بەدوای ئەوگۆڕانکاریانەدا تا نهێنیەکانیان بزانێت ، هەوڵیداوە تا هۆکارێك بەکاربهێنێت تا بتوانێت خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت ، دیسان ئاسمانەکانیان بەخاوەن دەسەڵاتدارێکی بەرفراوان سەیرکردووە (خواوەندێکی خاوەن دەسەڵات وەك ئاسمانە دورەکان ، وەدەریا پانەکان)(٤٣) .

ئەمانە داوای گەردنکەچیان دەکرد ، ئادەمیزادەکان بۆ ئەوە دروست بوون کە پەرستاوەکان لە ناخۆشی و هیلاکی دوورخەنەوە ، تا بیانپارێزێت لە سروشتی کاولکەر (ئەی خاوەن دەسەڵاتی ڕووخێنەر ووشەکانت دەسەڵاتی ئاسمانە)(٤٤) هەر لەم ڕەوانگەشەوە کە بڵێین پەرستنی ئەستێرەکان هێزی بەخشی بەئاسمان و دەسەڵاتی بێسنووری ، بارودۆخی ئەستێرەکان ، دەسەڵاتی ئاسمان (پەرستاوەکان) نیشان دەدات بەنیسبەت ئادەمیزادەوە)(٤٥) .

ئازادی لەنێوان ئایین و یاسادا لەشەریعەتی حامورابی دا :

بیرو بۆچوونی ئازادی باڵی کێشا بەسەر ڕیکخراوە سیاسی و دادوەریەکاندا ، ئەمەش وایکرد کە دەزگایەکی دادپەروەری دروست ببێت ئەویش لە شەریعەتی حامورابیدا بەئاشکرادەرکەوت (٤٦) . وەك وتمان دادپەروەری و یاسا یەکێك بوو لە بیرۆکە بنچینەییەکان لەشارستانی ولاتی دوو ڕووبار (الرافدین) لە گشت لایەکەوە ، ئەوەی دەبینرا حامورابی بە هەڵگری مەشخەڵی دادپەروەری و ئازادی ناسرابوو ((من کە حامورابیم بەندەی خواوەندەکان دادپەروەری بلاوەدەکەمەوە ، بەرتیل وەرگران و تاوانباران لەناودەبەم ، بەرگریکەر دەبم لەوەی خاوەن دەسەڵات ستەم لە بێهێزان و هەژاران بکەن ، چاودێری کاروباری خەڵك دەکەم ، باهەرکەسێك زۆری لێکراوە بێت بۆلام ، من پادشای دادپەروەریم))(٤٧)

لە لایەنی کردارەوە بیرۆکەی دادپەروەری لەناو خەڵکی دۆڵی دووڕووباردا کاری پێدەکرا ، کە لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەو چاکسازیانەش کە جێبەجێی دەکردن بۆ ئەوەی سەرکەوێت بەسەر فێڵبازو بەرتیلخۆر ، هەروەک لە شەریعەتەکەیدا باسکراوە :(یاسای پێوان و کێشانی دۆزیەوە ، قەدەغەی کردوە کە هەتیوو بێوەژن ببنە نێچیری دەوڵەمەند و بەهێز (٤٨) .

لەیاسای حاموورابیدا هاتوە پەیوەندی سزا وەک هۆیەک بۆ بنبڕکردن لە تاوان تا ئاسوودەیی بەناو کۆمەڵدا بڵاوبێتەوە ، لێرەدا ئازادی لە شێوە یاساییەکەیدا بە ڕوونی لە چوارچێوەی بازنەیەکی کۆمەڵایەتی دا بەگوێرەی ژیانی خەڵکانی تر ، هەروەک دەردەکەوێت لە یاساکانی (چاو لە جیاتی چاو و دان لە جیاتی دان)(٤٩) کە بنچینەی تەشریع بوو بەدرێژی لە (تەورات) (٥٠) دا باسکراوە ، قورئانی پیرۆزیش بەم شێوەیە باسی کردوە { وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنْفَ بِالْأَنْفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ } (٥١).

لێرەدا من نامەوێت باسی یاساو گرنگێتی لە شارستانێتی دۆڵی دوو ڕووبار بکەم ، دەمەوێت پەیوەندی ئەم لایەنە بەئایینەوە بخەمەڕوو ، وەتا چ ڕادەیەک یاسا ئازادی بە ئادەمیزاد بەخشیوە یان بەپێچەوانەوە ، وە چ پەیوەندیەک لە نێوانی یاساو شەریعەتدا هەبوە ؟ وەئایا بەهەردووکیانەوە سوودیان بە ئادەمیزاد گەیاندوە ؟.

٣ . گیروگرفتی ئازادی لە بیری ئایینی کۆنی هیندستان دا :

لێکۆڵینەوە دەربارەی ئازادی لە هیندی کۆندا و پەیوەندی بەئاینەوە پێویستە سنوور و بارودۆخی مێژووی وسیاسی ولاّتی هیند بزانین تا بتوانین بنچینە فەلسەفی و ئاینیەکانی ئاشکرا بکەین ، خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە باسی بکەین ئەویش(سروشتی ئاینە هیندیە کۆنەکانە)(٥٢) کەزۆر دژوارو تێکهەڵچوە وەک لایەنە شارستانیەکەی کە تائیستاش بەردەوامە ، لەم ڕەوانگەیەوە توێژینەوە دەربارەی ئازادی و ئاین بە شێوەی لە یەکتر جودایی هەموو لایەنەکانی ژیان کەوا کاری سەرەکی کردبووە سەر وێنەو شێوەی گشتی بیرۆکەی ئازادی و پەیوەندی بەئاینەوە .مێژووی سیاسی هیند ڕۆڵی هەبوە لە بڵاوبوونەوەو پەرەسەندنی ئاینی هیندی بە شێوەیەکی گشتی ، پاش دەست بەسەراگرتنی (ئاریەکان) (٥٣) بەسەر ولاّتدا هێزی خۆیان بەسەر گەلدا سەپاند) (٥٤) بڵاوبوونەوەی یاسای چینایەتی ودورخراوان لە یاسای سیاسی وئایینی وەلە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان (٥٥) کاریگەریشیان کردبوەسەر بیروباوەڕیان و لە خۆدورخستنەوە لە هەموو خۆشیەک ، دەرویشانە دەژیان ، خەڵکی هیند دووڕە پەرێز بوون و لە دارستان و شاخەکاندا دەژیان بە هۆی چەوساندنەوەو دەرکردنیان لەلایەن ئاریەکانەوە ،

ژیانێکی کولەمەرگی و خۆگرتنەوە لە هەموو خۆشیەک دەژیان ، ئەم جۆرە ژیانە کارئاسانی بۆ کردن تا زیاتر بیر بکەنەوە لە نهێنیەکانی سروشت ، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین زیاتر

لەم بارەیەوە ڕوون کردنەوە بدەین ، ئەوەی زیاتر بەلامانەوە گرنگە شیکردنەوەی باری گشتی هیند و ڕۆڵی ئەوانە تا بزانین چەندێك ڕۆڵیان هەبووە لە پەرەپێدانی ئەو بیرو باوەڕانەدا کە لەو کاتە مێژوویەدا باوبوە ، بە شێوەیەکی گشتی پەیکەری پێکخراوی کۆمەڵگەی هیند لەسەر چینایەتی دامەزرابوو ، ئادەمیزاد کرابوە چوار توێژەوە ،(قەشەکان ، سەرباز ، kshabi بازرگان weish کۆیـــلە shouder ، ئاریەکان تەنها کاریان لەم لایەنانە نەکرد ، بەڵکو دەستیانخستبوە ناو کاروباری ئاین و لاهوتیشـەوە .

هیندۆسیەت (٥٦)

هیندۆسیەت : ئایینی زۆربەی خەڵکی هند ستانە ، پاشماوەی ئایینە کۆنە دێرینەکانە کاری ئاینی پیرۆزی تێدایە ، وەك حیکمەت و زانستی و بیروباوەڕو سرود و نوێژ خوێندن جگە لە سیحرو جادوو و تاقیکردنەوەی مرۆڤانە تێکەڵ بەبۆچوونی ئاینی تا بە قوولی بچێتەناو ئایینی هیندۆسی، هەموو داب و نەریت و ژیانی هیندیەکانی تێدایە کە پاشتر ناوی (بەرهەمیەی) لێنرا ، کە نیسبەتە بۆ (براهما) کە هێزێکی گەورەی جادوو پێویستی بەزۆر عیبادەت هەیە) (٥٧).

نوێنەرایەتی چاکترینی چینەکان دەکات) (٥٨) نەریتە ئاینیەکانیان تایبەت کردوە بەخۆیان ، ئەوان خاوەنی ئاین و باشترینی خەڵکیشن (٥٩) پەیوەندیان لەناو خۆیان و خەڵکانی تردا هەبوو ،ژنهێنانی قەدەغەکردبوو ، هەڵسووکەوت و ڕۆشتن لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر)(٦٠) چاکەی خۆیانیان سەپاندبوو ، خزمەتکردنی (بەراهمە) باشترین ئیشە کەتاك پێی هەڵسێت) (٦١) چەندەها تایبەتمەندی مادیان هەیە، (دروست نییە بۆ هیچ پیاوێك کە مااڵو سامان کۆبکاتەوە ، ئەگەر کۆشیکردەوە دەبێت بیبەخشێت بە (بەراهەمە) ، چونکە ئەوی لە جیهاندا هەیە هی بەراهمەیە)(٦٢) . (هەموو شتێك کە پیاو کۆیدەکاتەوە بۆ بەرهەمی دەبێت) (٦٣) مرۆڤی هیندی پێویستیەکی زۆری هەیە بۆ بەدەستهێنانی خۆشی داهێنان بە هۆی ڕێگایەکی تازەوە ئەویش گیان بەخشینە ، ئەویش بە مەشقکردنێکی سەخت تا بگاتە پلەی باڵا دەستی لە پلیکانەی چینایەتی) (٦٤)بەم شێوەیە ئامادە دەبێت بگانە پلەیەك بەرزتربێت لە پلەی پاش مردن . ئەمە بووە هۆی تەشەنە کردنی دیاردەی خۆگرتنەوە لە هەموو جۆرە خۆشیەك کە دەبەخشرێت وە هەمیشە لە بیرکردنەوەدابێت ، بۆیە پشتیانکردە جیهان تاسەرکەون بەسەر لەشیاندا تا (سەرکەوتنی تەواو) (٦٥) بەدەست بهێنن ، بێگومان گوێنەدانە ئارەزوو بنبڕکردنی شەهوەت (دەرگای مانەوە و نەمری دەکاتەوە) (٦٦) بەگوێرەی ئەم شیکردنەوەیە دەردەکەوێت کە خۆگرتنەوە لەسەر بنچینەی ئازادی و خۆڕزگارکردنە لەو کۆتە مادیانەی لە جیهاندا هەیە تابگاتە پلەی مانەوەی هەتایی .

بیرۆکەی کارما و لە بەرگرتنەوە لە بیرۆکەی ئایینی هیندا و پەیوەندی بە ئازادیەوە

(کارما) مانا یەکی فەلسەفیە ، بەمانای یاسای پاداشت دانەوە و بالأدەست بەسەر بوونەوەردا ، وەبەسەر هەموو زیندەوەرێکدا ، کەس لە چنگی ڕزگار نابێت ، جێگایەکیش نیە لەم بوونەوەردا ئادەمیزاد بۆی بڕوات بە هۆی کردەوە چاك و خراپەکانیەوە) (٦٧)لە ئایینی هیندۆسیدا (بەدرێژی و ڕوونی بۆچوونی ئەم مەزهەبە دیارە)(٦٨).

ئەوەی پەیوەندی لێرەدا بە ئێمەوە هەیە باسی ئازادیە بە هەموو لایەنەکانیەوە و پەیوەندی بە تێگەیشتنی ئایین ئەم بیرو باوەڕانە کەخۆی لە چەمکی سەرفەرازیدا دەبینێتەوە ، هۆی سەرەکی بۆ ئەم بیرۆکە ئایینیە هۆکارەکانی ژیانی ڕامیاری و کۆمەلأیەتی و ئابوری و ئایینی یە ، پاداشت جاری وا هەیە بەدەست ناییەت ، پیاو خراپ سزا وەرناگرێت ، پیاو چاك پاداشت نادرێتەوە ، بۆیە پەنایان بردووەتە بەر (لەبەر گرتنەوە) ، بۆئەوەی هەمووکەس لەداهاتوودا پاداشتی خۆی وەربگرێت ، ئەوەی لەم شیکردنەوەیە دەردەکەوێت بیروباوەڕی هیندی دەیانویست بگەنە ئامرازێك تاسەرکەون بەسەر ئەم جیهانە دابەمانای (ئازادی) (٦٩) مەبەستێکی بالأ بۆ خاوەن باوەڕ ئەوەیە کەوا نەفس دیلە لە دنیای ماددی دا ، ئەم جۆرە بیرو باوەڕە تا ئەمرۆ لە ناو هیندیەکاندا باوەو بالّی بەسەریاندا کێشاوە ، لە بنەڕەتدا دامەزراوە)(٧٠).

نەشونمای چاکسازی شارستانیەت وایکرد لە ولأتی هیندا هیندۆسەکان پاش دلّە ڕاوکە دوو هێزی سەرەکی یاخود دوو ڕەوتی چاکسازی دەست بەسەر ولأتدا بگرێت‌و پێشڕوی میلەت بکات: بوزیەکان و جینیەکان.

أ. بوزیەکان:

بوزیەت : بزوتنەوەیەکی ئایینی چاکسازی بوو ، ئایینێکی نوێی نەهێنا بەڵکو چاکسازی لە ئایندا کرد ، بوە هۆی بەرزکردنەوەی باری ئاومێدان لە ڕژێمی تایفەگەریتی و چینایەتی لکێنرا بە بوزا یان _غۆتاما _وە کە بەمانای ڕەهبەر دێت ، (وەبەشاکیا مۆنی) ناویان دەبرد ، یانی گۆشەگیری تەنها لەخەڵك (٧١) .

ئەم بۆچوونە ئایینیە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنچینەی هیندۆسیەت دامەزراوە لەبنەڕەتدا بەڵأم لەو جیاوازترە ، بەوەی بەئاسانکاری دەکات لە بیروباوەڕا بۆ زۆرینەی گەل ، لەگەڵ هەندێك زیادکاری لە نەریت و باوە فەلسەفیە کاندا ژیان کۆتایی هێنا بە دەستگرتن بەسەر ئایندا کە کاهینە بەراهمەکان دەیانکرد ، وەپانتایی بەخشیە بیرو بۆچونە ئایینیەکان ، زمانی سنسکریتیان پەرە پێدا بۆ ئەوەی خەڵك نهێنی یەکانی بزانن ، ئەم بۆچونە ئەو هەڵویستە ئاینیەمان وەبیر دێنێتەوە کە لە چاخی ناوەڕاستدا (مارتن لۆسەر) (٧٢)کردی ، ئەویش بە وەی ئینجیلی وەرگێڕا بۆ سەر زمانی ئەڵمانی تا بکەوێتە بەردەستی هەموو خەڵك (٧٣) .

کاکڵەی ئەم بانگهێشتە (خۆگرتنەوەبوو)بۆ ئازاد کردنی ئادەمیزاد لە ئارەزووپەرستی (شەهوەت) کە باڵی بەسەر هەموو چینەکاندا کێشابوو ، بەتایبەتی چینی بەراهمە ، پاساویان بۆ ئەم بنەمایە ئەوەیە کە (پیاوی ئارەزوخواز بەندەی ئارەزوەکانیەتی(٧٤))، ڕێگایەکیان دانا بۆ لەناوبردنی کە ناودەبرێت بە ((چوار ڕاستیەکە)) (٧٥)کە بە بنچینەی شەریعەتی هیندی و بوزی دادەنرێت ، کەبریتین لە ئازار ، چاوگەی ئازار ئارەزووپەرستی ، ڕێگا بۆ دورخستنەوەی ئازار ، لە کۆتایدا ئادەمیزاد دەگاتە سەرکەوتن لە ڕێگای (نرڤاناوە) nirvana.

کەواتە (نیرڤانا)ڕێگابوو بۆ ڕزگار بوون ، وە هەوڵدانیشە بۆ سەرکەوتن بەسەر دەروون و دامرکاندنەوەی ئارەزووە کان تا پلەی چێژبوون (٧٦) ئەمەش کاتێك بەدەستدێت کە دووبکەوێتەوە لە گرفتی ئارەزوو(٧٧) .

ئەمەش وامان لێدەکات کە بڵێین بوزا ئاینێکی نوێی نە هێناوە ، بەڵکو هەوڵ و کۆششی کردووە بۆ چاککردنی دەروون و پاککردنەوەی کۆمەڵ، بۆیە بەردەوامی داوە بە بنچینەکانی ئایینی هیندۆسی کەبریتین لە کارماو لەبەرگرتنەوە ، ڕێگا بۆ لە ناوبردنی ئارەزوو وە گەیشتن بە ئازادی یەکێکە لای هیندۆسیەکان ، دەرچوون و ڕزگاربوونە لای بوزیەکان نرڤانایە ، لەم لایەنەوە مێژوو نووس و لێکۆڵەرەوان تێڕوانین دەکەن بۆ ئاینەکان و ئەڵێین ، لیکچوونێك هەیە لە ڕووداوەکانی ژیانی بوزا کرۆکی بانگەوازەکەی ، وەلە نێوان چیرۆکی ئەو ئینجیلانەی تایبەتن بە مەسیح بۆ ڕەوشت و یەکسانی ، هەروەك بەهەمان شێوە بانگەوازەکەی بوزا بۆ ڕزگارکردنی گوێگرەکان بەتەمابوو ، وە بانگکردنیان بۆ چوونە ناو دونیایی نەمری ، بەمانای ڕزگارکردنیان لەو بیرو بۆ چوونانەیان کە پەیوەندبوو بە ئایینی هیندۆسیەوە(٧٨) .

وەك ویلز (٧٩)ئاماژەی بۆ کردووە ، دەڵێت : ئایینی بوزا ئایینێکی ڕەوشت و هەڵسوکەوت بوو نەك ئایینێکی نەریتی ئیاینی و قوربانی ، ئایینی پەرستگا نەبووە ، هیچ کاتێك شێوازێکی پیرۆزی لەقەشە و پیاوانی ئاین نەبووە ، بانگەکەشی بۆ ڕزگارکردنی خەڵك بوو لە یاسای چینایەتی وە یاسای دوورخراوان ، هۆیەکی بنەڕەتی و گرنگ بوو بۆ سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە (٨٠) ، بانگکردنێك بوو بۆ لاوازەکان وەچینە خۆشخۆڕەکان تا وەك چینەکانی تر ژیان بەسەربەرن ، وەدوای نا هەست کردن بەکەمی هەندێك بەرامبەر هەندێکی تر ، دەیوت هیچ کەس دوورناخرێتەوە بەهۆی لەدایك بوونەوە ، هیچ بەرهەمێیە ك بەبەرهەمی نا ژمێررێت بە تەنیا لەدایك بوون بەڵکو بەکاروکردەوە(٨١) ، ئەبێتە بەرهەمی . بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ڕاستییەیی بانگهیشتەکەی بوزا لە ناوکرۆکدا بانگهێشت بوو بۆ ئازادی ، ئەم لایەنە زیاتر گرنگی پێدەدەین لەم تۆێژینەوەیەدا و زیاترئەم چەمکەمان مەبەستە .

ب . جینیەکان

بزوتنەوەیەکی چاکسازیە، لە سەدەی شەشەمی پێش زایەنیدا سەری هەڵدا ، ڕابەری یەکەمی پێش تر دەرکەوتووە ؟ مێژوو بەدرێژی ئاگاداری نیە ، چەند ئەفسانەیەك نەبێت هیچی تر دەربارەی نازانرێت ، لەسەربنەمای گۆشەگیری دروست بوە ، شوێنکەوتوەکانی دوو جۆرن :

١. راهب و دونیاپەرستەکان ئەوانەی کە خۆیان ڕاهێناوە لەسەرمەشقکردنی سەخت و خۆگرتنەوە لە هەموو خۆشیەك ، وازیان لە خزم و خوێش و مالٌ هێناوە .

٢ـ ڕەشە خەڵکەکە : ئەوانەن کە پشتگیری یاسا و یارمەتی ڕاهیبەکان دەکەن لە کاتی پێویستیاندا و شوێنیان دەکەون ، بیروباوەڕی ئەم تووێژە هەمان بیروباوەڕی هیندۆسیەکانە ، بەڵام ئەمان دژ بە چینایەتین ، بانگهێشت دەکەن بۆ خۆگرتنەوە لە هەموو خۆشیەك تابگەنە ڕزگاری و سەرفەرازی (٨٢).

وەك پێشبینی دەکرێت سەدەی شەشەمی(پ ، ز سەردەمی بەئاگایی بوونی ڕۆح بووە لە نەخشەی ڕووداوەکاندا ، ئەم زانیاریانەمان بەهۆی تاوتوێکردنی ئایینی هیندەوە دەستکەوت ، بەتایبەتی لە بزووتنەوەیەك بوو بانگەشەی بۆ ڕزگاربوون ئەکرد لە ئاینی هیندۆسیەت ، هەر لەم کاتانەدا چاکسازیەکی تریش سەری دەرهێنا کە ئەویش (جینا (٨٣)، یە بانگەوازەکەی لە چوار چێوەی گشتی ئەو فەلسەفە بلاوەی کە لەناو هیندیا باو بوو دەرنەئەچوو ، کە بانگهێشتی خەڵکی دەکرد بۆ خۆگرتنەوەو وازهێنان لە هەموو جۆرە خۆشیەکی ماددی ، دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین کە: (جینیەت) جۆرێکە لە بەرگریکردن بۆ هیندۆسیەت ، چونکە هیندۆسیەت نەیتوانی لەگەڵ بەراهمە کاندا بەخۆشی بژین ، لەبەر بەرهەڵستی کردنی چینایەتی و تایفە گەرێتی ، هەرلەبەر ئەم هۆیە هەندێك لە مێژوونووسان بەبەشێك لەئایینی بوزای(٨٤) دادەنێن .

بۆ سنووردارکردنی ئازادی و پەیوەندیەکانی لە ڕوانگەی ئایینیەوە ، دەتوانین بڵین سەرەتای ئازادی بوو لە کۆت و دیلێتیە زەمینی لە باری خێزانی و کۆمەڵایەتیەوە ، وە گۆشەگیری ژیان ، سزادانی لەش تا مردن(٨٥) پوختەی ئەم چەند دێڕەی پێشوو ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوە چاکسازیانە لە بیرۆکەی ئایینی هیندۆسیدا وە هەندێك جار بە ئایین دەناسرین وەك بوزایی و جینی ، زۆر دوورنین لە چوار چێوەی هیندۆسی بە گشتی لە بنەما گشتی یەکاندا ، بەڵام هەوڵیانداوە کە ئادەمیزاد ڕزگارکەن لە چینایەتی بەرهەمیەت ، وەك چۆن بوزیەکان پێی هەڵسان ، وەبنبڕکردنی خۆشی لەش وەك چۆن جینیەکان کردیان ، ئەم جۆرە ڕزگارکردنە ڕووینا بەڕوونانێکی پێچەوانەلە ڕێگای بەرگری پێچەوانەوە ، پاش چەند سەدەیەکی درێژ (مەهاتما غاندی) ڕۆڵەی هیند شوێنیانکەوت بە هەموو فۆلکلۆرو میراتیە ڕۆشنبیریەکانیەوە ، بۆچوونێکی باشی نەبوو بە ڕاگەیاندنی شۆڕش یان پشتگیرکردنی کە لکێنرابوو بە بزووتنەوە ئایینیەکانەوە وەك لە پاشدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ،

بەلأم بیرۆکەی ئازادی هەرچۆنێك بێت لەناو ئاینی هیندا کاری خۆی دەکرد ، ئەگەر لەسەر لەناوبردنی لەشیش بووبێت ، تا خۆپزگارکەن ، لەو کۆتە مادیانە دەگەڕان بە شوێن خۆپزگارکردندا ، واتە بەدەستهێنانی ئازادی مەبەستی ئاییە هیندیەکان بوو ، جارێك لە ڕێگای کارما ـ کە لە بەرگرتنەوەی ڕۆحە ـ تا بگەنە پاکێتی ، یان لە ڕێگەی(نیرڤانا) وە ئەمەش وێنەیەکی جیاوازی بەئاییە هیندیەکان وە ، ئەوەی لای میسر و وولأتی دووڕووبارە کە بینیمان ، وەپاشان لای یونان و ڕۆمان و شارستانیە کۆنەکانی تریش دەیبینین .

٥ ـ گیروگرفتی ئازادی لە ئاییە یونانیە کۆنەکاندا:

بیرۆکەی ئاییەنی لە وڵأتی یونان جیاوازە لەوەی کە ناسراوە بە فەلسەفەی یونانی ، ئێمە لێرەدا تەنها باسی بیروباوەڕی ئاییەنی یونانی کۆن دەکەین کە ئاڵۆ گۆڕی بە خۆیەوە بینی لە ڕووی ئاینییەوە نەك لە ڕووی بیرو لێکۆڵینەوەی فەلسەفیەوە ، شایانی باسە لێرەدا باسی بکەین یونان وەریان گرت لە بواری بیروباوەڕدا وەك هەموو بوارەکانی تر ـ لە ڕۆژهەلأت ـ وەهیچ زیادکاریەکیان پێشکەش بە کەلەپوری مرۆڤایەتی نەکرد لە بواری بیروباوەڕدا ، بەلأم کاتێك دەستیاندایە فەلسەفە بنچینەیەکی سەرەتایی لەباری گونجاو لە بواری بیروباوەڕدا بۆ ڕەخسا کە لە ئاییەنە ڕۆژهەلأتیە کان وەریان گرتبوو لە میسرو وڵأتی دوو ڕووبار ، لەلایەنی بیروباوەڕەوە هەندێك ئاڵۆزی بۆ یونانیەکان دروست بوو ، لەلایەکەوە دەبینین بیرۆکەیەکی فەلسەفی ژیرانە هەیە ، لەلایەکی ترەوە بۆچوونێکی نامۆ لای یونانیەکان بەدی دەکرێ ، ئەویش بوونی هەتاهەتایی ئاییەنەکانە (ئاییەنی تایبەت مەندەکان وەئاییەنی خەڵکە گشتی یە کە ، ئاییەنی تایبەت مەندەکانە)(٨٦) خۆی لەئەفسانەو پەرستراوەکانیان کە هۆمیرۆس لە هۆنراوەکانیدا(٨٧) باسی کردوون ، ئەم پەرستراوانەش لەڕەگەزی ئادەمین ، زۆر سیفەتی ئادەمیزادانەیان تێدایە ، تواناداون لە هەریاسایەك کە بیانەوێت دەریبکەن ، لە بەرژەوەندی ئەوتاکەکەسانەی کە لەژێر چاودێریاندان ، بەلأم ئاییەنی زۆرینە(٨٨) لە ڕاستیدا کۆمەڵە ئاینییێکن هەندێك تایبەت مەندی تێدایە دورە لە ئاینیەکەی پێشوو ، هەندێك نەریتی ئاییەنی تایبەتی تێدا دەکرێت ، ئادەمیزاد پەیوەند نابێت بە خۆبەستنەوە بەخێزان و چینایەتیەوە بە هەموو جۆرەکان (٨٩) دەتوانین لێرەدا بڵێین ئەم بۆچوونە ئاییەنیە ڕووکەشێکی ئاییەنی پێوەیە ، ئادەمیزاد ڕزگاردەکات لە هەموو پابەندبوونێك بەلأم ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ بۆچوونی پێشوودا (ئاییەنی تایبتمەندەکان) کە شێوەیەکی ئورستقراتی هەیە، بۆمان هەیە کەوا بەئایین ناوی بەرین ، بە پێچەوانەی ڕکەبەرایەتی خواوەندەکان و بۆچوونە جۆراوجۆرەکانیان ، ئەویش ئاییەنێکە خۆی لەخۆیدا متمانە دەکاتە سەر وەرگرتن و بەخشین وە دیاریکردنی بۆچوون هەرچۆنێك بێت ،

ئەوی تێبینی لێدەکرێت سەربەخۆیی ئایینی خەیاڵی یونانیەکانی ئازادکرد لە کۆت ، بە هێنانی هەندێك ئەفسانەی ئایینی و کۆمەڵێك پەرستراو، لە نێوان ئەم دوانەدا جیهانی جادوو ئەفسانە دروست دەبێت(٩٠) . ئەوی ڕەچاو دەکرێت ململانێیەکی زۆر هەبوو لە نێوان فەلسەفەو ئایینەکاند ا ، ئەمەش بەڕوونی دەردەکەوێت لە بیرو ڕاکانی سوکراتدا بەرانبەر ئایینەکان، نووسەرە هۆشیارەکانیش گاڵتەیان بە پەرستراوەکان دەکرد .بۆچوونە ئایینیەکان بە شێوەیەکی گشتی ، ئەوان لەلایەن خۆیانەوە پێیان خۆشبوو کە تاك ڕزگاربکەن لە ژێردەستی ئەم بۆچوونە نزم و نەزانراوانە ، ئەوەیان بەباش ئەزانی دژبە ڕووتکردنەوە و پارەو پوڵ وەرگرتن بە هۆی قەشە و بەخت گرەوەکان لەخەڵك وەرئەگرت .

بەشێوەیەکی گشتی دەوترێت : فەلسەفە توانی سەرکەوێت بەسەر ئەم بۆچوونە ئایینیانەدا ، هۆکەشی ئەوەیە کە بیری یونانیەکان وێنەی پەرستراوە کانیان بە ڕوالەتێکی پیرۆزی دوور لە بۆچوونی مرۆڤایەتی وەك پەرستراوەکانی ڕۆژهەاڵت وێنە ئەکرد ، لەبەرئەوە گومانکەران گەڕانەوە بەرەو لۆژیك و فەلسەفە ، بۆئەوەی بتوانن ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵك ، بۆئەوەی ئەگەر بیرو هۆش و بیرۆکەی ئایینیان بەدوانا تا دوودڵ نەبن لە وەستان بە ڕووی خواوەندەکاندا ا وەگاڵتە پێکردنیان ، ئەم ڕێڕەوەی کە فەلسەفە گرتیەبەر بەبەکارهێنانی مەنتیق تابۆ ئەوەی لەو نەریتە ئایینیانە ڕزگاریان ببێت وەلە شوێن کەوتنی قەشەو چەوسێنەرەوان (٩١) بێتەدەرەوە .

بەشی سێیەم : ئایینە ئاسمانیەکان:

لەم بەشەدا باسی ئایینە ئاسمانیەکان دەکەین کە بریتین لە ئایینی جوولەکەو ئایینی گاور ، ئاینی ئیسلام کە ئایینێکی پارێزراوی گەورەی ئاسمانە بەڕوونی چەمکی ئازادی باسکردووە ،

دەتوانین بڵێین کە پوختەی ئایینە ئاسمانیەکانە و ، وەلوتکەی گەشە سەندنی ئایینەکانە ، کەچەندین لایەنی ئایینی گرنگی تێدایە ، وەك لایەنی بیروباوەڕ وەشەریعەتەکانی پێش ئیسلام ، هەمووی بە چیرۆکیانەوە لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەری خوا باسکراون .

١ . پێغەمبەران و ئازادی:

هەر لەسەرەتادا ئەم پرسیارە دروست دەبێت ، پەیوەندی چیە لە نێوان بانگهێشتی پێغەمبەران و ئازادی دا ؟

ئایا ڕۆڵ و کاریگەریان تا چ ڕادەیەك بووە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ ، ئەوکۆمەڵە بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە کە کۆمەڵگاکانیان تیایدا دەژیان ؟ وەپەیوەندیان بەو بیرو بۆچوونە ئایینیانەی کە باو بوو وەشێوەی ژیان بەگشتی چۆن بووە ؟ وەئایا خوا پێغەمبەرانی ناردووە تا ڕۆڵێکی مێژووی بگێڕن بۆ بە دەستهێنانی ئامانجێکی گشتی؟

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت ، قال تعالى : {وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُمْ مَنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُمْ مَنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ } (٩٢).

خوا نوح پێغەمبەری نارد بۆلای گەلەکەی (سەلامی خوای لێبێت) و پێی فەرموو، قال تعالى : {لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحاً إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ} (٩٣).**وە ئیبراهیم پێغەمبەری نارد بۆ لای گەلە بتپەرستەکەی ئەوانەی بت و ئەستێرەیان دە پەرست، وە هود پێغەمبەری نارد بۆ تیرەی عاد قال تعالى :** {{وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلاَ تَتَّقُونَ } (٩٤) .**وە صالح پێغەمبەری نارد بۆ لای نەتەوەی سەموود بۆ هەمان مەبەست،قال تعالى:**{وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحاً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ}(٩٥) .**چەندبارەکردنەوەی بانگکردن لە قورئانی پیرۆزدا گرنگی ڕۆڵی پێغەمبەران دەردەخات بە گوێرەی ئەو وێنە ڕێنماییانەی بەبەردەوامی و کت وپڕی کە پێویست بوو پێی هەڵسن بۆ چاککردنی تاك وە ئازادکردنی گەردنی ئادەمیزاد لە ژێر دەسەلاتی خەڵکانی تر ، بت بووبێت یاخود قەشە یان ئادەمیزاد ، ئەم هیمایانە خەڵکیان مل کەچ دەکرد تا گوێ بە ژیان نەدات جگە لەو بۆچوونەی ئەوان نەبێت(٩٦).**

کەواتە پەیوەندیەك لە نێوان بانگی پێغەمبەران و مەسەلەی ئازادیدا هەبووە ، بانگکردنیان بۆ ڕزگاربوون لە پەرستنی بتەکان ، بانگکردن بوە بۆ ئازادی {{وَلَقَدْ آتَيْنَا إبراهيم رُشْدَهُ مِنْ قَبْلُ وَكُنَّا بِهِ عَالِمِينَ, إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَا هَذِهِ التَّمَاثِيلُ الَّتِي أَنْتُمْ لَهَا عَاكِفُونَ, قَالُوا وَجَدْنَا آبَاءَنَا لَهَا عَابِدِينَ, قَالَ لَقَدْ كُنْتُمْ أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ فِي ضَلالٍ مُبِينٍ} (٩٧) .

وەباوەڕیان وابووە ڕووکردنە پەرستنی بتەکان ئەنجامی ئەوە یە مرۆڤ نەیتوانیوە بگاتە هێزی بالادەست ، لەبەرئەوە پەیکەری بۆ تاشیوە تا بیری بکەوێتەوە کە پەیوەندیەك هەیە لە نێوان دروست کەرو دروستکراودا.

دیسان دەتوانین بڵێن بتپەرستی لە مێژوودا دیاردەیەکی پوخاوی بیر بووە وەستانی تەواوی عەقڵی مرۆڤ و دیارنەبوونی ئارەزووی بووە، وەڕووکردنە هەموو هەستپێکراوێك لە پەرستندا ئادەمیزاد نەیتوانیوە بە ژیرێتی خۆی بگەیەنێتە خواوەندی پاستەقینە بۆیە پووی کردووەتە بت و پەرستنی بەوشێوەیەی خۆی ویستوویەتی(٩٨)

ئیمە لێرەداوای بۆ دەچین هیچ ئایینێك هەرچەندە گومڕاو ئەفسووناوی بێت بەرانبەر بە هەستی مرۆڤ ڕاوەستاوە (٩٩) ، وای حاڵیبوە کە ئەوماوە بینراوە خواوەندی خۆیەتی ، مەبەستی هیچ یەکێك لەمانە ئەوە نەبووە کە بیپەرستێت بەڵکو ئەوەی پەرستووە کە لە پشتیەوە بووە ، ئەم خواوەندانە ڕەنگدانەوەی هێزێکی نادیارن و خاوەن دەسەاڵتی عاقڵ و شارەزا دەیانجوڵێنێ ، دەتوانن بە هۆیانەوە هەموو ئیش و کارێك جێگۆڕکیی پێبکەن، وەهەر لەم ڕووەشەوە مەزنێتی دەبەخشێت بە هەندێك کەس کە پیاوچاکن و دەتوانن زۆرشت ئەنجام بدەن ، بەاڵم مردن ئەم پیرۆزییەیی لێسندنەوە ، ئەمانیش ئەم پەیکەرانەیان بۆکردوون وەك خۆیان و پەرستویانن ، وە ڕۆوچون لەم خۆشویستنەیەیاندا و گەشتووەتە ڕادەی پەرستنیان (١٠٠) {وَلَقَدْ آتَيْنَا إبراهيم رُشْدَهُ مِنْ قَبْلُ وَكُنَّا بِهِ عَالِمِينَ, إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَا هَذِهِ التَّمَاثِيلُ الَّتِي أَنْتُمْ لَهَا عَاكِفُونَ, قَالُوا وَجَدْنَا آبَاءَنَا لَهَا عَابِدِينَ, قَالَ لَقَدْ كُنْتُمْ أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ} (١٠١).مانای داواکردن لە خواوەندانی تر جگە لە پەروەردگاری تێدایە ، هەموو پێغەمبەران ئەمە ڕاپەڕاندون، هەر لە نوحەوە تا موحەمەد (د.خ) چونکە ئازادکردنی ئادەمیزاد نابێت جگە لە ژێر تەنها پەرستنی خودادا نەبێت ، بانگەشەکەیان بۆ ئەوە بووە کەواز بهێنرێت لە پەرستنی خوداوەندە جۆراوجۆرەکان { أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ } (١٠٢) . لە لایەکی ترەوە بانگهێشتی پێغەمبەران بۆ ئەم کردنەوەو وازهێنان لە ڕووخانی خوو ڕەوشت وەئازادکردنی ئادەمیزاد لە خراپە و خراپەکاری { وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ الْعَالَمِينَ } (١٠٣).لێرەدا بانگکردن بۆ ئازادکردنی گەل لە ژێر کاریگەری ئارەزوو ئازادکردنیان لە پەرستنی ئارەزوو(شەهوەت) بووە .

خاڵێکی گرنگ ماوە کە پەیوەندی بەلایەنی ئایینیەوە هەیە لە هەڵسووکەوتی پێغەمبەران ، ئەویش بانگکردنیانە بۆ ڕزگارکردنی ئادەمیزاد لە خۆشەویستی ماڵ و دەستبەسەراگرتنی مادە {أَوْفُوا الْكَيْلَ وَلا تَكُونُوا مِنَ الْمُخْسِرِينَ م} (١٠٤) داوایان لێدەکات کە واز لەو هەڵسووکەوتە بهێنن کە تاك هەموو هۆیەك بەکاردێنێت بۆ کۆکردنەوەی ماڵ، ئەگەر لەسەر حیسابی خەڵکی تریش بێت، بۆ یە مرۆڤ بەم شێوەیە دەبێتە کۆیلەی ماڵ ، دەتوانرێت بوترێت کە بانگی پێغەمبەران بۆ ئازادکردنی مرۆڤ بووە لە کۆیلەیەتی ڕۆحی و عەقڵی و مادی بووە بۆ ئازادکردنی عەقڵ بووە لە بێئاگایی و گێلێتی و دەرهێنانی لە ژێر چەپۆکی میراتی ئایینی و مەزهەبی تا ئەوەبوو لە کۆتاییدا لە ژێر وێنەی ئایینە ئاسمانیەکاندا مرۆڤ بەرەو کاملبوون برا .

٢ . جوولەکە و ئازادی:

ئیسرائیل (١٠٥)ئەو ناوەیە کە لە تەورات دابەکارهێنراوە بۆ یەعقوبی کوڕزای ئیبراهیم(١٠٦) ،بەڵام زاراوەی . یەهودی . واتە جوولەکە ، ئەم زاراوە یە لە پاشاندا سەری هەڵدا ، بەناوی میر نشینی یەهودا و لەو ناوچەوە هاتووە(١٠٧) ، ئەم زاراوەیەش مانای ئاین نابەخشێت بەڵکو ڕەگەزنامەیەکی سیاسیە ، دورنیە ناسنامەیەکی خێڵەکی بێت بۆ یەهودا ، کە کوڕی چوارەمی یەعقوبە ، وتی : بە کوڕەکانی هەمووتان لە ژێر فرمانڕەوایی یەهودای براتان بن ، بەم شێوەیە بووبە گەورەو ڕیش سپی گشت براکانی تری ، کاتێك کە عەرەب ئەم وشەیان بەکار هێنا زالیان گۆڕی بۆ دال (١٠٨) ، ئەمەی پێشەوە کە ووتمان گوزارشی باوی ناو میژووە بۆ ئەو ووشەیە ، بەڵام شهرستانی (٥٤٨ کۆچیکردوە) بۆ چوونێکی جیاوازی هەیە دەڵێت: (یەهودیەت ئایینە و هەندیك کەس لە نەتەوەی ئیسرائیل شوێن کەوتەی بوون لە کاتی موسی دا، لە وشەی عەرەبی (هاد الرجل)هاتووە کە مانای گەڕانەوەئەگەیەنێت،وەك موسی ووتویەتی ئێمە گەڕاینەوە بۆلای تۆ وەپاڕاینەوە، ئەمانەش نەتەوەی موسان)(١٠٩).

کەواتە پێویستە بزانین بۆچی ئەم کۆمەڵە دەرچوون لەمیسر ؟ گرنگی چیە لە ڕوانگەی میژوویەوە ؟ چی پاڵی پێوە نان تا بچنە دەرەوە ؟ وەهۆکارەکانی چیی بوو ؟ ئایا ئەم بزووتنەوەیە هەر لەخۆیەوە بووە یان دەستێکی سیاسی لە پشتیەوە هەبوو یان کاریگەریکی ئایینی یان ئابووری جوولاندنی ؟ یا خود بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی کۆمەڵایەتی ئابووری یان ئاینی بوو ؟ (١١٠).

لە نووسینە کۆنەکانی میسریەکاندا بانگەکەی موسا بانگێکی یەکخوا پەرستیو شۆڕشگێڕانە بووە ، (ول دیورانت) باسیدەکات و دەڵێت : موسا میسرییە و ناوی کورتکراوەی وشەی ((حموس)) (١١١) ئەمەش لە هەڵگۆڵراوە میسریە کۆنەکاندا دیارە ، بەم دوو پیتە (م . س) بەبێ پیتی (عیلله) لەبەر نەبوونی لە زمانی میسری کۆندا ، بەڵام ((یوسفوس)) (١١٢) ئەمە ئاماژە بۆئەوە دەکات کە موسا قەشەیەکی میسری بووە ، بۆ ئەوە چووە دەرەوە تا مژدە بدات بە جولەکە نەخۆشەکان و فێری خاوێنیان بکات لەسەر شێوەی میسرییەکان(١١٣) پاشان دەڵێت : ناوی (مورس) لە (مو) یانی ئاو ، وە(ئاورس) یانی هەڵگرەوەی ئاو لە زمانی میسری کۆندا و زمانی (تەورات) (١١٤) یش دا ، ئاماژەی بۆکردووە .بە گوێرەی ئەم شیکردنەوەیە ئێمە بەدوری نازانین کە جولەکە بوبێت .

موسا پێغەمبەر ویستوویەتی ئادەمیزاد بەئارامی بژی و ئازاد بێت ، قورئان دەفەرموێت ، قال تعالی : {وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَى إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصاً وَكَانَ رَسُولاً نَبِيّاً} (١١٥).بانگەکەی بۆ ڕزگاربوون بوو لە ژێر چەپۆکی فیرعەون ، چونکە گەشتە سنووڕێك کە داوای خوایەتی دەکرد ،

قال تعالى : { وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلأُ مَا عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرِي } (١١٦) **ديسان دەفەرموێت ،**
قال تعالى : {قَالَ لَئِنِ اتَّخَذْتَ إِلَهاً غَيْرِي لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ الْمَسْجُونِينَ} (١١٧) .

هەر ئەویش بوو دەستی گرت بەسەر بیروباوەڕی خەڵکدا ، هۆشی لێسەندنەوە ، ئازادی لێزەوتکردن ، بەتایبەتی ئازادی ئایینی وپێی وتن {آمَنتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ} (١١٨) ، {لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ مِنْ خِلافٍ ثُمَّ لَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ} (١١٩). **کەواتە دەتوانین بڵێین موسی پێشەوای ئەم بزوتنەوە ئازادیخوازە بووە بۆ پزگارکردنی ئەم تاقمە ژێر دەست و چەوساوە لە تاوان و کۆیلایەتی ، ئەم تاقمە کەوا هیچ پەیوەندیەکی نەبوو بە ڕێکخراوێکی سیاسی و سەربازی ئاشکراوە وە هیچ ئامانجێکی سیاسی نەبوو بەڵکو ئەندامەکانی هەموو هەڵهاتوو بوون لە دژی زۆرو چەوساندنەوە لە کۆمەڵگەی بتپەرستیدا (١٢٠) ئەمە بەپوونی دەردەکەوێت ئەگەر بێت و ئەوە بسەلمێنین کە موسی میسری بووە و لە شوێنکەوتوانی ئەخناتوون بووە نەك لە نەوەی ئیسرائیل ، لە میسر ژیاوە و خەڵکی بانگکردووە بۆ یەکخوا پەرستی کە لە پێش ئەودا ئەخناتوون باوەڕی پێی هەبووە(١٢١).**

لێرە تیشك دەخەینە سەر ئەولایەنانەی کە تەورات باسی دەکات ، وە ئەوباسە مێژوویانەی کە دەیانگێڕێتەوە سەبارەت بۆچوونیان بەرانبەر بە موسا ((پێشەوای ئایینی)) (١٢٢)، دەیویست بگاتە ئازادی بە هۆی دەرچوونەوە تا ڕزگاری ببێت لە چەوساندنەوە ، لە سفری یەکەم دا(١٢٣) دا دەبینین ڕونکردنەوەیەك هەیە بۆ بۆچوونی ئیسرائیلیەکان ، وەکینە و ڕقیان بەرانبەریان وەهەست بەکوفر بەرانبەر بە موسا و براکەی (بریا لە زەوی میسر بمردینایە) باشترە بۆ ئێمە کە بگەڕێینەوە ، موسا و هارون بەڕودا کەوتن وە جلەکانیان دڕاند ، ئەمە تەورات باسیکردووە ، وەئاماژە دەکات بۆ سەرەتای جۆرێك لە شۆڕش کە ڕوویدا (١٢٤) کە تووندو تیژی لەگەڵ خۆی هێنا و دورە پەرێزی و ترسناکی زیاتر کرد ، ئەمەی کە تەورات باسیدەکات دەمانخاتە بەردەم پرسیارێك ، ئەوەیە : لەبەرچی ئەم تاقمە بەرانبەر موسا وەستانەوە ؟ ئەم ڕیوایەتە قورئان(١٢٥) باسیکردوە ، ئەم تاقمەی کەنەیانویست بەردەوام بن لەگەڵ موسا ، وەك لە دەقەکانی خۆیاندا دەردەکەوێت ، گەڕانەوە بۆ پەرستنی گوێرەکە ، خواوەندە زێڕین و زیوەکان ، ئەمانە لەگەڵ سامریدا(١٢٦) دەڕۆشتن ، لەشۆڕشێکی پێچەوانەدا ، ئەمان پەیامەکەی موسایان دایە دواوە ، پاش ئەوەی چوونە ژێر ئەرکەکانی ، وەك تەورات ئەڵێ : (بەخێرایی لەسەر ڕێگای ڕاست دەرچوون ...) (١٢٧) لەو ڕێگەیەی کە پێی گەیاندبوون ، ئەم شۆڕشە بەرپەرچ درایەوە ، هۆیەکی سەرەکی و بنچینەیی بوو ڕوویدەدا لە مێژوودا پاش هەموو بانگێکی ئایینی کە داوای سەرکەوتنی ڕاستی و دادپەروەری و ئازادی بکات ، ئەوەی پەیوەندی بەم کۆمەڵەوە هەبێت، موسا ویستی بەهۆی ئەو دەرچوونەیانەوە ئازادیان بکات بەگوێرەی ئەو دەقانەی کە هەیان بوو لەئایینەکەیاندا ، موسا وتی (ئەوەتا ئەوان (١٢٨) بەڕاستم نازانن و گوێبیستی وتەکانم نابن)

کاتێك بەجێیهێشتن بۆئەوەی بچێت بۆ خواپەرستی و هارونیشی بەجێهێشت لایان ، هەڵگەڕانەوە و شوین ئارەزووەکانیان کەوتن(١٢٩) و گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاڵۆزی و دووبەرەکیی و خێڵەکی ، بەستنی پەیوەندیەکانیان لەسەر بنچینەی ڕەگەزی باش و دەستەگەڕی ، ئەویش بە گەڕانەوە یان بۆ لای پەرستراوە زێڕین و زیوینەکانیان ، کە لە چواردەوری ئەواندا بوون ، خێرو خێراتی خەڵکیان بەتاڵان ئەبرد ، ئەم کارە دەمانخاتە بەردەم بیرۆکەی ئامادەکاری بۆ پەرستن لای ئەم تاقمە هەروەك تەورات باسی دەکات ، ئەمەش بەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە کاتێك کە دەستیانکردووە بەپەرستنی گوێرەکە(١٣٠) ئەمان نەیانتوانی واز لەپەرستنی گوێرەکە زێڕینەکە بهێنن ، چونکە تا ئەوکاتەش پەرستنی لە گوێیاندا دەزرنگایەوە تائەوکاتەی کە لە میسر بوون(١٣١) بەمەش نەوەستان بەڵکو دەستیانکردووە بە پەرستنی((بەعلیم))و((عشتاروت))(١٣٢) چەندین بتی پەرستراوی تریان لەکاتی پاشاکاندا ئەپەرست(١٣٣) ئەمە سروشتی ئەم گەلە و ڕادەی ئامادەییان بۆ وەرگرتنی بیرۆکەی ئازادی دەردەکات ، وادەردەکەوێت کەئەمانە ڕاهاتبوون لە سەرترس و غەدر بەگوێرەی دەقی تەورات ، یەهود ڕاهاتبوون لەسەر[٢] بەندایەتی و ژێردەستەیی ، چونکە ئازادی لێپرسراوێتیە ، ئەوانیش گەلێکن ئامانجیان هەمیشە فێڵ و تەڵەکەیە ، چونکە پەرستراوەکەیان یەهوە (١٣٤) پەیمانی پێدابون کە جێگیریان کات لەوزەویەی کە باو باپیری لێی دانیشتبوون بەگوێرەی قسەکانیان ، هەرئەوانیش بون یەهوەیان دەپەرست لە ژێر ناوێکی تردا(١٣٥) .

٣ . نەصرانیەت (مەسیحیەت و ئازادی)

نەصرانیەت یا خود مەسیحیەت ئاینێکی ئاسمانیە نێراوە بۆ عیسا (علیه السلام) وە نەصرانیەکان شوینکەوتەی عیسان ، ئەو پێغەمبەری خوایە و قورئان و تەورات دانیان بەمەدا ناوە ، قورئان لەزۆر شوێندا باسیکردووە (١٣٦) کتێبەکەیان ئینجیلە(١٣٧) کەخوای گەورە لەقورئاندا ئەفەرموێت : (ثُمَّ قَفَّيْنَا على آثَارِهِم بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابن مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الإِنجيل) (١٣٨) . وە نەصرانیەت لە نەصر ، یان ناصیرەوە هاتووە کە گوندێکە لە فەلەستین ، عیسا تێیدا لە دایك بوە ، وەنەصرانیەکان بە یاوەرانی ئەو ناسراون . (١٣٩) هەندێك جاریش پێیدەوترێت (مەسیحیەت) کە نیسبەتە بۆ مەسیح (١٤٠) ، یەکەمجار ئەم وشەیە لە(ئەنتاکیە)بەکارهێنرا لە ساڵی(٤٢ ز) بۆ شوێنکەوتوانی عیسا ، بەڵام قورئان ئەم ووشەیەیی بەکار نەهێنا وە چونکە وشەیەکی ئەصلی نیە ، بەڵکو وشەی ئەلنەصارای بەکار هێنا وە ، چونکە وشەی مەسیحی جۆرێك بوو لە جنێو و کەمکردنەوە ، بۆ زیاتر شارەزایی بوون لەم ئاینەو تێگەیشتنی هەموو لایەن و بیرو باوەڕەکانی ودۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ئا یین و ئازادی دا ، پێویستە بارودۆخی مێژووی ئەم ئایینە دیاریبکرێت ،

ئەوکاتەی کە عیسا بانگهێشتی پێغەمبەرایەتی کرد دەبێت گرنگیتی مێژووی بزانین ، لە پێشدا پوونمانکردەوە کە پاش مردنی عیسا چەند گۆڕان تێیدا پوویدا ، چەند سەدەیەك بەردەوام بوو ، وە کۆمەڵانێك دەستیانگرت بەسەر هەموو شتێکدا بەناوی ئایینەوە ، هەموو پێبازێك (مەزهەب) بەشێکی بۆخۆی پچڕی ، لەو بەشەیدا باسی ژیان بەشێوەیەکی گشتی دەکەین کەلەوکاتەدا کۆمەڵگە تێیدا دەژیا تابگەینە خاڵێك ئەویش پەیوەندی نێوان پەیامی ئایینی عیسا و لایەنەکانی تری ژیان ، ئەوپەیوەندییەی لە نێوان تاکەکەس و کۆمەڵدا هەبو بەرەو خراپ بوون و پوخان دەچوو لە ژێر سێبەری حوکمڕانی پۆماندا (١٤١) بێ ئاینەکان و جولەکەکان و گەلی ئیمپراتۆریەت لەبەربەرەکانییەکی پەگەزپەرستی و جێگیرنەبوونی سیاسیدا ا دەژیان ، جولەکەکان بەهەموو بەشەکانیەوە لە ناکۆکیدا بوون بەرانبەر یەکتری بەهەمیشەیی ، بەڵام بەهەموویانەوەدژ بەڕۆمان بوون ، چونکە چەوساندنەوەی سیاسی هەبوو . (١٤٢) کاربەدەستانی پۆما سەرپەرشتی هەڵمەتە جەنگیەکانیان دەکرد و شارەکانیان وێران دەکرد ، هەزاران خەڵکیان هەڵدەواسی وە دەیان فرۆشتن لە بازاڕی کۆیلەکاندا ، ژیانی سیاسی جوولەی تێکەوتبوو ، چونکە دەوڵەمەندەکان دەستیانگرتبوو بەسەر کۆمەڵگەی پیراندا (١٤٣) کە پێکهاتبون لە گەورەپیاوان و سەرۆکی بنەماڵەکان ، لەلایەکی ترەوە پۆما نیازی پەرەسەندنی دەسەڵاتی هەبوو بەسەر دەریای سپی ناوەڕاستدا، توشی نا ئارامی بوو بوو بە هۆی شۆڕش و یاخیبوونەوە دژبەڕۆما(١٤٤) ، هەروەها جەنگی خێڵەکی هەربەردەوام بوو ، ئەویش کاری کردبووە سەر باری ژیانی خەڵك بە هۆی ئەوپارەو قازانجانەی بەهۆی جەنگەوە دەستیاندەکەوت ، بەهۆی جیاوازی لە نێوان هەندێك لە پێشەواو سەربازەکاندا و زۆربوونی کۆیلە ، ئەمە وای نیشاندەدا کە بوترێت ((شۆڕشە دووبارە بوەکەی کۆیلەکان)) (١٤٥) ، ئەمە بەڵگە بوو بۆ ئەو دوو دڵیە گشتیەی کە توشی دەوڵەتی ڕۆمانی بوو بوو بە هۆی ئەو یاساو فرمانانەی دەری کردبوو ن ، بەڵام شۆڕش سەرکەوت بەسەر کۆیلەکاندا ، لە ژێر فرمانڕەوایی سباتاکوس spartu cuss کە سەربەرزی و پایە بڵندییەکی بۆ ڕۆمانەکان تۆمارکرد ، لەڕاستیدا ئەمە سەرکەوتن نەبوو بەڵکو لاوازی و کەلێن بوو ، ئەگەر بەڵگەی سەرکەوتنی ڕاست بوایە دەی توانی سەرکەوێت بەسەر ئەو فیتنەیەدا کە لە مێژووی کۆیلەیەتی دا شۆڕشی وانەبینرابوو ، ئەگەر ئەم لاوازیە نەبوایە چۆن کۆیلەیەکی وەکو سبارتاکوس ئەی توانی نزیکەی (٧٠٠٠٠) هەزار کۆبکاتەوە و سوپای ئیمپراتۆریەتی پێبشکێنێ سیاسەتمدارە ڕۆمانەکان ئاگاداری گشت ئەم کەین و بەینە بوون ، بۆیە (چاکسازەکان) توانیان دەست نیشانی هەندێك لەوکەم و کورتیانە بکەن ، بەڵام سوودی نەبوو ، چونکە گەندەڵی لەوە زیاتر بوو ، جگەلەوەی کە خاوەنی بڕیار هەموو بریتی بوون لە دەوڵەمەندان و خاوەن کۆیلەکان و بازرگانەکان(١٤٦) .

ئازادی له ئیسلامدا

ئاشکرایه که ئیسلام ئاینێکه توانیویەتی کۆمەڵگه پێك بهێنێ و شارستانیەتیی دابمەزرێنێت ،ئەم شارستانێته بەچەند قۆناغدا تێپەڕیوه :

یەکەمیان : دەتوانین پێی بڵێین قۆناغی (بێگەردی ئاینی) که هەڵاتنی خۆری ئیسلام دەگرێتەوه ، یاخود پێیدەوترێت سەردەمی ئیسلام شوێنکەوتنی یارانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و وەرگرتنی بیرو باوەڕی ئیسلامی و کردنی به پێشەنگ له هەموو پرۆگرامەکانی ژیاندا(١٤٧) . پاش ئەم قۆناغه قۆناغی دووەم دێت که چارەسەری کێشەی ئازادی دەکات و چارەسەری بیرو هۆشه به قۆناغی سەرهەڵدانی (زانستی کەلام) ناودەبرێت، پاشان قۆناغی فەلسەفه دەسپێدەکات که سۆفیگەرێتی لەگەڵدا تێکەڵ بووه ، لەهەموو ئەم قۆناغانەدا دەبینین گرنگیپێدانێکی ئاشکرا بەدەردەکەوێت له ناساندنی پرسی ئازادی ودۆزینەوەی چارەسەربۆی(١٤٨). ئامانجی شەریعەتی ئیسلام ئازادکردنی ئادەمیزاده بەرزکردنەوه و بەدەست هێنانی هۆکاری سەربەرزی و مەردایەتی بۆی له ژیاندا ، چونکه پەروەردگار ڕێزێکی تایبەتی له ئادەمیزاد ناوه لەبەرانبەر هەموو گیانلەبەرەکانی تردا ، وەك له مانای ئایه تیکی پیرۆزدا دەفەرموێت ، قال تعالى : (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا) (١٤٩) ئێمه ڕێزمان له ئادەمیزاد ناوه وه هەڵمان گرتون لەسەر وشکانی و دەریاکان وه ڕۆزیمان پێبەخشیون له هەموو جۆره خۆشەکان ، وەبەرز ڕامانگرتوون لەبەرانبەر زۆر له دروستکراوەکانماندا.یەکێکی تر لەو ڕێزانه بۆ ئادەمیزاد ئەوەیه که بەجوانترین شێوه دروستکراوه له ڕووی فیزیکی و ڕۆحییەوه ، قال تعالى (لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ) (١٥٠) ،وه دەفەرموێت ، قال تعالى : (أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُنِيرٍ) (١٥١) ئەوەی له ئاسمان و زەویدا هەیه خستوویەتیه ژێر دەسەڵاتیەوه ، وه زۆر نازو نیعمەتی به سەردا ڕژاندووه ، مەبەستی سەرەکی شەریعەتی ئیسلام ڕێزلێنانی ئادەمیزاده ، وەئازاد کردنیەتی وبەدەستهێنانی خۆشی یه بۆی له دنیا و ڕۆژی ڕستاخێزدا .

ئیسلام تەنها ڕووداوێك نەبوو له نیو دوورگەی عەرەبی بۆ گۆڕینی بارودۆخێك ، بەڵکو شۆڕشێکی ئازادی بەرفراوان بوو له هەموو ڕوەکانی ژیانەوه ، که کۆمەڵگەی نەفامی گۆڕی بۆ گۆمەڵگەیەکی یەکخوا پەرستی، ئیسلام بوو به شۆڕشێکی بڵێسەدار، توانی زاڵ بێت بەسەر ئەو هەموو داب و نەریته ناشیرینانەی که باو بوو ، ئەم شۆڕشه توانی سەرکەوێت بەسەر بیری بتپەرستی و پەرچەمی چاکسازی دەرونی و ڕۆحی هەڵبکات ، هەروەها چاکسازی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابوری ڕابگەیەنێت .

بنەما قورئانیەکان سەبارەت بە ئازادی لە ئیسلامدا

هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز بەهۆی جبرئیلەوە بوو ، ئەم نیگایەش لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ پێغەمبەری خوا محمد بوو بە چەند قۆناغیك، ئازادی یەکێکە لەهەرە بنەما سەرەکیەکان کە قورئان لەزۆر شوێندا ئاماژەی بۆ دەکات ، دەتوانین ئازادی لە قورئاندا لە چوار بەشدا جێ بکەینەوە ، کە بریتین لە :

١. ئازادی ئایینی .

٢. ئازادی بیرکردنەوە .

٣. ئازادی تاکە کەسی .

٤. ئازادی سیاسی .

١. ئازادی ئایینی :

ئەو ئازادیە کە پێویستە هەموو مرۆڤێك پێی ببەخشرێت بەوەی کە هەر بیرو باوەڕێك کە لای پەسەندە بەبێ زۆر و فشاری دەرەکی پێڕەوبکات ، لەم ڕەوانگەوە قورئان لە چەندین شوێندا ئاماژەی بۆ کردووە کە هەموو مرۆڤێك ئازادە لە هەڵبژاردنی ئایین و بیرو باوەڕدا ، کەس بۆی نیە زۆری لێ بکات ، چونکە بیروباوەڕ(عقیدە) قەناعەتهێنانێکی ناوەکی یە وەباوەڕێکی ناوەکیە بەزۆر دروست نابێت ، وەباوەڕ بنچینەی پوختەیەتی ئایینە ، هەموو ئەندامەکانی لەش ملکەچ دەبن بۆ ئەوباوەڕە دەروونیە ، چونکە باوەڕ بەزۆر ناچەسپێت(١٥٢).

باوەڕ بەزۆر ناخرێتە دڵی کەسێکەوە کەباوەڕی پێی نەبێت ، قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆکردووە ((زۆرکردن لە ئایندانیە)) (١٥٣) پەروەردگار نەیویستووە کە بە زۆر باوەڕ بخرێتە دڵی مرۆڤەوە ، بەڵکو دەبێت بە ڕەزامەندی و تێگەیشتنەوە بێت ، تەنانەت خوای گەورە ناڕازیبوونی خۆی پیشاندەدات کە بە هیچ شێوەیەك ڕازی نابێت بە زۆرەملی ئایین بسەپێنرێت بەسەر مرۆڤدا (١٥٤). لە قورئانی پیرۆز دا ، هاتوە : ((پێیان بڵێ ئەی محمد کە ڕاستی لای پەروەردگارە ، ئەوەی دەیەوێت باوەڕ بهێنێت با باوەڕ بهێنێت ، ئەوەشی دەیەوێت باوەڕ نەهێنێت با نەیهێنێت و کافربێت)) (١٥٥). و ە هاتوە :((ئەوەی لەسەر تۆیە گەیاندنەو لەسەر ئێمەش پرسینەوەیە)) (١٥٦).

٢. ئازادی بیروڕا :

عەقڵ (هۆش) ئادەمیزاد بەهۆیەوە جیا دەکرێتەوە لە هەموو گیانلەبەرانی تر ، وەهەر بەهۆی عەقڵەوە پەروەردگار داوا لە ئادەمیزاد دەکات ، وەك لە مانای ئایە تیکدا دەفەرموێت : (ئێمە ڕێزمان لە ئادەمیزاد ناوە ، ڕێزمان داون بەسەر هەموو دروستکراوەکانی تردا بەگشتی) (١٥٧).

مرۆڤ بەهۆی عەقڵەوە خوا دەناسێت و وتەکانی تێدەگات ، بیرکردنەوە پیشەو خووی ئادەمیزادە ، جگە لەوە کە بیرکردنەوە پێویستیەکی ئیسلامیە ، کە هەموو لایەنەکانی بوونەوەر دەگرێتەوە ، قورئان دەفەرموێت : (پێیانبڵێ ئەی محمد: با گەشت بکەن بەسەر زەویدا و بگەڕێن ، لە پاشان سەیری پاشەڕۆژی درۆزنان بکەن) (١٥٨) .هە روها لە مانای ئایە تیکی تردا هاتووە :(ئایا بۆ ناگەڕێن بەسەر زەویدا تا دڵێکی تێگەیشتوویان هەبێت یان گوێچکەیەکی بیسەریان هەبێت کە شت ببیسێت ، ئەمە تەنها چاوبەست و نەبینا نابینێت، بەڵکو ئەودڵە کوێردەبێت کە لەقەفەزی سنگدایە) (١٥٩). هەروەها قورئان داوادەکات لە ئادەمیزاد شوێنی شتێک نەکەوین کە زانیاریان نەبیت بەرانبەری یان بێبەڵگەبیت ، وەبە عەیب و شورەی دەزانێت کەسێک کوێرانە شوێنی خەڵک بکەوێت با باو باپیرانیش بن ، ئەوکەسانە کە عەقڵ بەکار ناهێنن دەچنە پادەی گیانلەبەران ، قورئان ئەم جۆرە کەسانە بە خەڵەفاو و بێئاگا دادەنێت(١٦٠) .

لە فەرموودەیەکی خواییدا هاتووە : (ئەگەر پێیان بوترێت وەرن شوێنی ئەوە بکەون کە پەروەردگار ناردوویەتی ، ئەڵێن ئێمە شوێنی ئەوە دەکەوین کە لە باوباپیرانمانەوە بۆمان بەجێماوە ، مەگەر نازانن کە باوباپیرانیان هۆشمەند نەبوون و گومڕابوون) (١٦١) زۆربەی زانایان بۆئەوە دەچن کەباوەڕی تەنها و لاسایی کردنەوە وەرناگیرێت ، چونکە لاسایی بەبێ عەقڵ پیشەی گومڕاو یاخیەکانە ، ئادەمیزاد نابێتە خاوەن باوەڕ ئەگەر ئاینەکەی بەعەقڵ وەرنەگرێت ، وەقەناعەتیشی پێبێنێ ، باوەڕ پێویستە بگاتە پادەی دڵنیایی ، وەنابێت بە دوودڵی و دڵەڕاوکە وەربگیرێت ، چونکە عەقڵ سەرچاوەی باوەڕە)) (١٦٢).

٣. ئازادی تاکە کەسی (شارستانی)

بەمانای کارکردن بەئازادی و ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی تاکە کەسەوە هەیە، وە ڕۆڵی لە دەست بەسەراگرتن و کوێلەیەتی کە بەهۆیەوە ئادەمیزاد ئازادی کەسایەتی لەدەست دەدات ، وەناتوانێت کاری خۆی ئەنجام بدات ، ببێتە کۆیلە و کالاّ وەک هەموو کالاّکانی تر . ئیسلام بەرنامەی بۆ ئەم ئازادیە داناوە ، هەموو تاکە کەسێک ئازادی هەیە لە ژیانیدا وە لە بەکارهێنانی مالْ و سامانیدا ، وە دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی هەڵسو کەوت بکات بەبێ چاودێری کەسانی تر ، وەک چۆن دەست دەگیرێت بەسەر مالّی منداڵ و گێڵدا ، خەڵکی تر ئیشەکانیان بۆ پادەپەڕێنن بۆ پارێزگاری لە سەروەت و سامانیان وەک لە فەرموو دەیەکی قورئاندا دەفەرموێت (ئێوە پارەو سامان مەدەن بە گێل و ئەوانەی نازانن بەکاری بێنن کە خوا ئێوەی کردووە بە جێگری ئەوان بەهۆی ئەوەی چاک و خراپی خۆیان لەیەک جیاناکەنەوە) (١٦٣) کۆیلەیەتی هەمیشە بووەتە شوێنی مشت و مڕی زۆر لە توێژەرە ڕۆژئاواییەکان (١٦٤) بەشێوەیەکی تایبەت ، وەئەمانە دەڵێێدن ئیسلام کۆیلەیەتی ڕەوابینیوە ، ئەمەش پێچەوانی ئازادیە ئازادی ئەرووخێنێت ، ڕاستیەکەی ئیسلام هیچ یاسایەکی نەهێناوە بۆ کۆیلەکردن ،

بەڵکو بەپێچەوانەوە ، چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز بانگ بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان دەکات ، ئەم ئازادکردنە بە گەورەترین نزیك بوونەوە لە پەروەردگار و گەردنکەچی ئاینیی دائەنرێت (١٦٥) هەروە ها ئیسلام رێگای داناوە بۆ قەڵاچۆکردنی کۆیلایەتی بە تەواوی ، ئەم رێگایەش بنچینەیە بۆ یاسای ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی(١٦٦) لێرەدا دەڵێن کاتێك کە جیهان کۆیلایەتی قەدەغەکرد سودی زۆری لە ئیسلام بینیوە ، هەرچەندە ئیسلام نایەوێت کۆیلایەتی بمێنێت ، بەڵام ئەگەر هەبوو پێویستە مامەڵەی ئادەمیزادانەی بەجوانی لەگەڵدا بکرێت وەك دەفەرموێت : قال تعالى : { وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ } (١٦٧) پێغەمبەر زۆر بەشێوەیەکی جوان مامەڵەی لەگەڵ کۆیلەکاندا کردووە ، لەپاش ئەویش یارەکانی ، بەم شێوەیە ئیسلام بەجوانترین شێوە مامەڵە لەکەڵ کۆیلەدا دەکات ، وەبەناوێکی جوان ناویان دەبات ، بۆکۆیلەی نێرینە دەڵێت : (الفتى) واتە کوڕی باش وەبە کۆیلەی مێینە دەڵێت (الفتاه) واتە کچی باش ، دوور لەو وشانەی مانای ژێر دەستی و کۆیلەیەتی لێدێ ، وەك دەفەرموێت (١٦٨) قال تعالى : { وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلًا أَنْ يَنْكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمْ الْمُؤْمِنَاتِ }(١٦٩).

٤. ئازادی سیاسی :

قورئانی پیرۆز زۆر بەگرنگیەوە سەیری ئازادی دەکات، بۆیە دەیەوێت حوکمڕانی بە ڕاوێژکاری بێت بۆ گشت موسڵمانان وەك دەفەرموێت : { فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ } (١٧٠). قورئان جەخت لەسەر ڕاوێژ دەکات ، چونکە کۆمەڵگەی بەختەوەر دروست دەکات ، یەك سورەت لەقورئاندا بەناوی (شورا) وە هاتوە ، ئەمەش گرنگیدانە بە ڕاوێژ لە ئیسلامدا { وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ } (١٧١). پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەم لایەنەی لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بەکارهێناوە ، چونکە ئازادی سیاسی تێدایە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پەروەردگار ئەوەی بەڵگەنەویستە لە ئیسلاما دەسەڵاتی ئایینی نیە ، جگە لە ئامۆژگاری و بانگکردنی مرۆڤ بەوتەی جوان بۆسەر رێگای ڕاست و دوورکەوتنەوە لەخراپە ، وەئەم فرمانە هەموو کەسێك دەگرێتەوە ، لوتی لوت بەرزانیش دادەنوێنێ ، لەپاش پێغەمبەر دەسەڵات کەوتە دەست خەلیفەکانی کە بە هەڵبژاردن هاتنە سەر حوکم ، عومەری کوڕی خەتاب دەڵێت : متى استعبتم الناس وقدولدتهم أمهاتهم أحرارا(١٧٢).

ئەنجام و پوختەی قسە:

ئازادی گەلێك مانای هەیە ، یەك پێناسە هەڵناگرێت ، چونکە پرسێکی بەرفراوانە ، وەبە هەموو رەهەندەکانیەوە ، رەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونی و رەوشت و ئایینی پێکەوە گرێدەدات و پێکیانەوە دەبەستێت ، مانای ئازادی کە بەر گوێچکە دەکەوێت مرۆڤ لەترس و دڵە ڕاوکی ڕزگار دەکات ، ووشەی ئازادی خەون نیە و لە بۆشایدا بخولێتەوە یان نەتوانرێت ماناکانی دیاری بکرێت ، بەڵکو وەك شتەکانی تر وایە سنوردار دەکرێت بە سنوری دیاری کراو ، پێویستە پێیبگەین لە ماوەو کاتێکی دیاریکراودا ، ئازادی بێ سنوور نیە بەڵکو سنووردار دەکرێت بەپێی شوێن وکات .

کاتێك باسی ئازادی دەکەین پێویستە لە هەموو ڕوانگەیەکەوە سەیری بکەین کە پەیوەندە بە شارستانی و کۆمەڵگە و بیروباوەڕی باو وە فەلسەفەی بلاّو و داهێنراوە زانستیەکان ، ئاین هەر لەدێرینەوە توانی ئادەمیزاد ڕزگاربکات لە دیلی سروشت ، ئەوە بەیەکەم لەدایکبوونی ئازادی دادەنرێت ، وەڕزگارکردنی لە گشت چینەکان ، بوبە ڕزگارکەر لە دەست داپڵۆسێنەران و چەوسێنەرەوان .

بیری ئایینی لەڕۆژهەڵاتی کۆندا . میسر و وڵاتی دوو ڕووبار . نموونەی بانگی ڕاستەقینەیە بەرەو ڕووی داد پەروەری و یەکسانی ، لە میسر بانگی خەڵك دەکرا بۆ پابەندبوون بەڕەوشت بەرزیەوە بە هۆی پیاوە ژیرەکان و ڕیفۆرمخوازانەوە کە بانگەشەی یەکسانی و دادگەریا ن دەکرد .

بانگی پێغەمبەران هەر لەنوح تا محمد(صلى الله عليه وسلم) بۆ ئازادی بووە لە پێگای بانگکردنی چاکسازیەوە ، وەڕزگارکردنی ئادەمیزاد بووە لە ژێر دەسەڵاتی بت و قەشە و ئادەمیزاد ، بەم شێوەیە ئەم بانگە بۆ ئازادکردنی ئادەمیزاد لە کۆیلەیەتی بە هەموو شێوەکانیەوە ، وەڕزگارکردنی لە بێ ئاگایی و فری وخۆری .

الهوامش:

١- ينظر :الملل والنحل،الشهرستاني: مطبعة الادبية- القاهيرة، الطبعةالاولى١٣١٧هـ ١ /٤٦ .

٢- ينظر: لسان العرب ، محمد بن مكرم بن منظور الأفريقي المصري، ،الناشر : دار صادر :١٩٧٥ ، الطبعة الأولى – بيروت ،مادة (حرر).مادة (دين) .

٣- سورةالصافات :٥٨

٤- سورة الفاتحة: ٧

٥- ينظر: التعريفات : علي بن محمد الشريف الجرجاني ، القاهرة ، مطبعة الحلبية ١٣٢١ هـ ، ص ٧٧ .

٦- ينظر: كشاف الفنون: التهانوى (ت١١٥٨ هـ)تحقيق: د علي دحروج ، الناشر مكتبة لبنان ناشرون ، بيروت ، الطبعة الأولى ١٩٩٦ ، ص: .٣٠٥

٧- سورة آل عمران: ١٧

٨- ينظر :الملل والنحل:الشهرستانى،ص٤٧

٩- سورة المائدة: ٢٧

١٠- ينظر : الله : العقاد ، دار المعارف، القاهرة، الطبعةالسادسة، ١٩٦٩،ص٦٥

١١- ينظر :رسالة التوحيد محمد عبدة، دار احياء العلوم، بيروت،الطبعةالرابعة ، ص١٥١

١٢- سورة الروم: ٣٠

١٣- ينظر : مدخل دراسة تأريخ الأديان ، د . مسعود حايفي ، الناشر : الأوائل للنشر والتوزيع والخدمات الطباعية ، دمشق ، الطبعة الأولى : ٢٠١٠ م .

١٤- ينظر : الملل والنحل: الشهرستانى، ١/.٤٨

١٥- سورة الروم : ٣٠

١٦- الجامع الصحيح ، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري (ت٢٥٦هـ) الناشر : دار الشعب ، القاهرة ، الطبعة الأولى : ١٤٠٧هـ . ١٩٨٧م ، ٢/ ١٢٥ .

١٧- فةيلسوفيَكى طةورةى فةرةنسية ناوى هنرى برجسنون ١٨٥٩ . ١٩٤١ م بروانامةى نةوبلَى بؤ ئاداب بةدةستهيَناوة لة سالَى ١٩٢٧كؤضى كردوة. بروانة.تأريخ الفلسةالحديثة، ل.٣٤٨

١٨- ينظر :بحوث ممهدة لدراسة تأريخ الأديان: عبدالله دراز، دار القلم ، الطبعة الثانية،ص٨٣

١٩- ينظر : مناهل العرفان في علوم القرآن ، محمد عبدالعظيم الزرقاني (ت ١٣٦٧ هـ) الناشر : مطبعة عيسى البابي الحلبي وشركائه ، الطبعة الثالثة ، ٢/ ٣١٤ .

٢٠- سورة لقمان: ١٣٢

٢١- الله:ص٥٤-٥٥

٢٢- ينظر :بحوث ممهدة لدراسة الأديان،ص٩٨

٢٣- ينظر : لماذا الدين ضرورة حتمية ، البروفسور هوستن سميث ، تعريب وحواشي ، سعد روستم ، الناشر : دار اجسور الثقافية ، الطبعة الأولى : ١٤٢٦هـ . ٢٠٠٥م .، مجلة البحوث الإسلامية ، العدد الأول ، الإصدار : من رجب إلى رمضان لسنة ١٣٩٥هـ .

٢٤- ينظر :في صراع الأخلاق وأيدولوجية قيادة المجتمع ، راجي أنور هيفا ، مجلة النبأ ، العدد : ٦٤ عام ٢٠٠١ م .

٢٥- ينظر : لسان العرب ، ٤/ ١٨١ ، وينظر أيضا : المنجد في اللغة ، دار المشرق . بيروت ، الطبة السادسة والثلاثون : ١٩٩٧م ، ص : ١٢٤

٢٦- ينظر لالمصدر نفسه: ص:١٨٢

٢٧- ينظر : رحلة الكلمات ، علي فهمي خشيم ، دار إقرأ للطباعة ، روما ، الطبعة الأولى : ١٩٩٨م ، ص : ٥١

٢٨- سورة الإسراء : ٧٠ .

٢٩- ينظر :مشكلة الحرية : زكريا ابراهيم، دار الطباعة ، القاهرة،الطبعة الثالثة، ١٩٧٢، ص١٢

٣٠- ينظر : المصدر نفسه .

٣١- ينظر : الدين والحرية ، ساعد عبدالجبار ، الدار العلمية للطباعة . طرابلس : ٢٠٠٥ م ص : ٣٢ .

٣٢- بەشێوەیەکی گشتی میسریە کۆنەکان باوەڕیان بە چەندەها پەرستراو هەبووە، بەڵام دوانیان لە پەرستراوەکانی تریان بەباشتر زانیوە (دزیرکیس) کەوا مردن کاری تێ نەکردووە، (رەع) خوای ڕۆژ کە بە گەورەترین خوای دەزانن، لەشێوەی (بان) دا دەیبینین کەوا دوو باڵی هەیە ، ئەڵێن خوای ڕۆژ وەك باز دەفڕێت لە ئاسماندا. : ينظر : انتصار الحضارة : برستيدهنرى ، ترجمة. احمد فخرى ، مطبعة الأنجلؤالمصرى –القاهرة–فرانكفورت،ص٩٤ ٩٤

٣٣- وشەی (حریە) لە (حر) وەرگیراوە بوەتە چاوگ (مصدر) بۆ ئەم بۆچوونە سەیری:رحله الكلمات ، على فهمى خشيم ، دار إپراو للگباعه ، رۆما الگبعه الاولى ١٩٨٦ ل ٥١ ، الديانه الفرعونيه ، أفكار المصريين عن الآخره : ولسن بدج ، ترجمه يوسف اليوسف ، دار المجد ، بيروت ١٩٨٣ ل ١٥٥ ،ينظر : التگور التاريخى للفكر الدينى ، رشيد الناچورى ل ٨٠..٨١

٣٤- المصدر السابق ، ص ١٥٥و ينظر : التطور التأريخي للفكر الدينى ، رشيد الناضورى : ص ٨٠ _ ٨٨ .

٣٥- ينظر :قصة الحضارة : ول ديورانت ج١ م ١ ص ١٥٨ .

٣٦- ينظر :الديانة الفرعونية : ولسن بدج ص ١٥٧ .

٣٧- زۆر لەودەقانە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە میسریە کۆنەکان باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی هەبوە ، مێژوونووسەکان دابەشیانکردووە بۆ دەقی ئەهرام ، دەقی تابووتەکان (پەڕاوی مردووەکان) کە بریتیبوە لە پێچراوەی پڕ لە نووسراو و وێنە کێشراو ، لێکۆڵەرەوەکان وایبۆدەچن سەرچاوەی ئەم دەقانە لەلایەن کاهینەکانەوە نوسرابێت ، تا شوێن پایە بڵند بن لە دەسەلاتیاندا ، ينظر : قصه الحچاره ، ١/ ١٦٥ وينظر : تأريخ الحچارات : موريس كروزيه ، ص١٥٥ .

٣٨- ئەخناتون: ئەو فیرعەونە میسریەیە ناوی ئەمنوحتسبی کەوا بانگهیشتی خەلکی دە کرد بۆ یەکتا پەرستی ، کە ئەویش پەرستنی ئامون بوو ، دهیویست هەموو پەرستراوەکانی تر لەناو بەریت وهخهلك تەنهاپە رستراویکیان هەبیت . ينظر: العصور القديمه ، هنرى برسيتد : ص : ١٣٩

٣٩- دەربارەی بارودۆخی ڕامیاری ولاّتی میسری کۆن سەیری :ينظر : انتصار الحريه ، برسيتد ص : ١٤٠ بكه .

٤٠- هەندێك لە تۆێژەران پێچەوانەی ئەو بۆ چوونانەن ، دەڵێن شۆڕشەکەی ئەخناتوون لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتیەوە بوە و پەیوەندی بە دایك و باوکیەوە هەیە ، کە گوایە لە ڕەچەڵەکی پاشایان نیە ، چینی پاشایان چینی بالاّ بڵندن و مەزنترینی خەڵکانی ترن ، بۆیە کاهین و پیاوە ئاینیەکان بەرگریکەربوون لەم جۆرە ژن هێنانە ، بەتوندی دژی پاشایان ڕادەوەستان ، لێرەوە ئەخناتوون میراتی ڕکەبەرێتی کاهینەکانی بۆ بەجێما ، ينظر : معالم تأريخ الإنسانيه ، ج ، ولز ١/ ٢١٦ .

٤١- ناوچەی ولاّتی (ئەل ڕافیدین) ناو دەبرێت بە (ولاّتی دووڕووبار) بەناوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات ، هەروەها بە (ئەل هیلال ئەل خەصیب) ناو دەبرێت ، چونکە زەویەکەی لە شێوەی مانگدایە ، شارستانیەکانی سۆمەر و ئەکەد و بابل و ئاشوور لە وێددا بوە ، ينظر :العصور القديمه ، هنرى برسيتد ، ص١١١ .

٤٢- لە دەقە وێژەییەکانی عێراقی کۆندا ئەم دیاردەیە بە ئاشکرا دیارە لە دەست بەسەراگرتن و توڕەیی سروشت لە لافاو وباران ، یەکێکە لە ئەفسانە کۆنە بابلیەکان لە شارستانی ولاّتی ئەل ڕافیدەین ،ينظر : حچاره العراق : فاچل عبد الواحد ، دارالجيل ١٩٨٥ م ، وماقبل الفلسفه ص ١٤٧ .

٤٣- المصدر السابق, ص ١٦١ .

٤٤- ينظر : حضارة العراق : ص ٣٣٣ .

٤٥- ئەم دیاردەیە تایبەت بوو بە ئەستێرەناسانەوە لە ولاّتی دوو ڕووبار ، هەربەهۆی ئەستێرە ناسیەوە توانیان هەندێك شتی شاراوە ئاشکرابکەن کە ڕوودەدات لە داهاتوودا کە پەیوەندبووبە ڕووداوە ئاسمانیەکانەوە ، ئەم بیرۆکەیەش وایکرد کە بگەنە ئەنجامی دۆزینەوەی تەلەسکۆبی زانستی تا شوێنی ئەستێرەکان بەتەواوی بزانن ، وەدەیانتوانی ڕۆژگیران و مانگ گیران بزانن کەی ڕوودەدات ، وەبۆ هەموو ئەستێرەکان ناویان دۆزیەوە ، پاشان یونانیەکان لییّان قۆزتنەوە ، زانستی گەردووناسیان هێنایە ئەنجام ، قصه الحچاره : ١/ ٢٣٠ ،ینظر : الحچارات السامیه : سبنتو وموسکاتی ص ٧٩ .

٤٦- هەندێك لێکۆڵینەوە پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشن کە پاشا لیت عشتار lieit ashtar هەندێك یاسای دەرکردوە کە لەسەر چوار پارچە نووسراوە لە کۆتایی سەدەی پێشوودا دۆزرایەوە ، ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگێتی یاسای حامورابی دەچەسپێنێت ، زۆریان پاشماوەی پێشی خۆیەتی ، یاسای حامورابی زۆربەزووی پەرەیسەند وەکاری لەسەر هەموو یاساکانی تر کرد ، ینظر : الحچاره السامیه:سبینتو موسکاتی ص ٦٣،انتصار الحچارات ص١٨٦

٤٧- ئەم دەقە لەپێشەکی یاسای حامورابی وەرگیراوە لە کتێبی :ینظر : قصه الحچاره : ول دیورانت ١/ ١٩٠ .

٤٨- المصدر السابق: ص ١٢٠ .

٤٩- ینظر :الحضارات السامیة ، طه باقر ، دار الحوادث ، بغداد ١٩٧٣ ص ٩٧ ، انظر الی المواد ١٩٦ ، ١٩٨ .

٥٠- هەلسەنگاندنێك بکە لە نێوان یاساکانی حەمورابی و تەوراتدا ، دەبینیت زۆر لەیەکەوە نزیکن ،ینظر : سفرالخروج ٢١، ٢٣ ، ٢٥ ،. ینظر: سفر التپنیه ١٩ ، ٢١ بکه .

٥١- المائدة : ٤٥ .

٥٢- تأریخ الحضارات العام : موریس کروزیة ٢/ ٥٤٨ .

٥٣- ویلز WELES دەڵێت : چەرخێك نزیك چەرخی حەمورابی یان کەمێك پاش ئەو گۆڕانێك ڕوویدا لە یەکێك لە هۆزە کۆچەریەکان کە بەزمانی ئاری ئاخاوتنیان دەکرد ، کە نیشتەجێی فارس و ئەفغانستان بوون ، خواربوونەوە بەرەو هیند ، بەهۆی چەکەکانیانەوە ، زاڵبوون بەسەر پێست بۆرەکاندا ، حوکمڕانی و زمانی خۆیان و شارستانیان لە هەموو هیندیدا چەسپاند ، پاش وێرانکردنی شارەکان و سوتاندنی گوندەکان ، پاش جێگیربوونیان دەستیاندایە سەربڕین و کوشتاری خەڵکەکە ، زۆرلەخەڵکەکە کەوتنە هەڵهاتن و ڕاکردن بۆ شاخ و ئەشکەوتەکان . ینظر :معالم تأریخ الإنسانیه : ١/ ١٧٠ .٥٤- ینظر :حچارات الهند : غوستاف لوبون ، ترجمه عادل زعیّتر ، دار أحیاو الکتب العربیه ، الگبعهالاولی ١٩٤٨ . ل ٢٦٠ .

٥٤- دەتوانین بڵێن کۆمەڵەی چینایەتی و دەوری کۆمەڵاییەتی تەنها تایبەت نەبوو بە هیندەوە ، بەڵکو لەفارس و مصر وەلای عیرانیەکان و خەڵکی بابل و یونانیش هەرهەبوو ، وەك دەیبینین ، بەڵام لای هیندیەکان بەرگێکی ئاینی لەبەرکرابوو لە لێکۆڵینەوەیاندا وەشیکردنەوەیان بۆ ئامرازی ڕەگەزی ، ئاریەکان بە خۆیان بەکەسی پلەیەك ئەبینی خۆیان ڕەگەزی پاك و بڵند بوون بە هۆی ڕەنگی سپیانەوە وە بەهۆی هێزی ئابوری و داگیرکردنیانەوە ، چینایەتی ڕەگ و ڕیشەی داکوتابوو ، بووبووە هۆی زاڵبوون و سەرکەوتنیان ، ئاین داپۆشەر و پاساو بوو بۆیان ، پاشان بوە پاڵپشت و یاریدەدەر بۆ ڕژێم وشەی ئاری لەیاساکانی مانۆ بەمانای خاوێن یان هەڵبژاردە دێت ، لێرەوە تێڕوانینی ئاینی بە بالاّدەست وە مەنزلّگە نزیك لە خواوە ندەوە ، بەم جۆرە خۆیان وەك نەتەوەیەکی هەڵبژاردەی خوایی دادەنا ، ئالەم ڕەوانگەشەوە شەریعەتی خۆیان داڕێژا ، وەیاساکانیان دانا ، سەیری کتێبی : ینظر :کتاب الهندوس المقدس ، احسان حقی ، دار الیقچه العربیهللتألیف والنشر ، بیروت : ل٥٢

٥٥- ینظر : تأریخ الادیان : أحمد شلبی ، مکتبة النهضة العربیة ، الطبعة السابعة ، ١٩٨٤ ، ٤/ ٤٣ .

٥٦- المصدر السابق ٤/ ٤٨ .

٥٧- هیندۆسیەکان دەڵێن : بەرهەمی لە(سەر) ی براهما دروست بووە ، چیرۆکانی تر هەموو لەئەندامەکانی تری لەشی دروستبوون ، بڕگەی ٣١ بەشی یەکەم لەیاسای منوسمرتی ص ١٩ بیرونی دەڵێ : دروستبوونیان لەسەری براهمایە ، ئەم ناوە کینایەتە لەوهێزەی کە بەهێزی سروشت ناودەبرێت ، سەریش دریژەپێدانی ئاژەڵە ، بەراهما پوختەی ڕەگەزی ئادەمیە ، بەم شێوەیە باشترینی ئادەمیزادن ، ینظر :تحقیق ما للهند : أبو ریحان محمد البیرونی ، منشورات عالم الکتب ، بیروت ، ١٩٥٨ ، ل ٨٠ .

٥٨- ینظر :کتاب الهندوس المقدس : احسان حقی ، الباب الأول ، الفقرة ٩٣ ،ل ٣٧ .

٥٩- المصدر نفسه ، الفقرة ١٧٩ ، ل ٥٤٢ .

٦٠- المصدرنفسه ، الفقرة ١٠٠ ، ل ٣٩ .

٦١- المصدرنفسه ، الفقرة ١٢٩ ، ٦١ الفقرة ٩٥ ،ل ٣٨

٦٢- الفقرة ٢٢٥ ل٣٢٤ (کتاب الهندوس المقدس) بەڵکو زیاتر ڕۆچوون و دەڵێن : هەرشتێك کەبەرهەمی دەیخوات وەك ئەوە وایە کە خوا خواردبێتی ، چونکە دەمی بەرهەمی خوایە ـ تعالی الله عما یقولون ـ بڕگەی ٩٥ ل ٣٨ هەمان سەرچاوە .

٦٣- المصدر نفسه , ل ٣٢٥ .

٦٤- المصدر نفسه ٦٨١ .

٦٥- المصدرنفسه ل .٦٨٢

٦٦- المصدر انفسه , ل ٦٥ .

٦٧- لە کتێبی الهندوسی المقدس ، ئادەمیزاد پاداش وەرگرە بۆهەر کردەوەیەك لە ناو دڵیدایە یان لەسەر زمانی یان لاشەیدایە ، ئەگەر خراپ بوو پاداشتی چاکە وەردەگرێت ، ئەوی دەیچێنێت دەیدورێتەوە باش بێت یان خراپ .

٦٨- ینظر :القواعد الأساسیة لمذهب النیرفا نا: بهیهکو اوتیلا ،ترجمة عفت عفیفي ، مجلة العربي ، اغسطس ١٩٧٣ ل ١٥٨ ،

٦٩- ئەمجۆرە بیرو باوەڕە پێویستە وەك خۆی بمێنێتەوە لە بیری بوزی و جینی دا ، بەتایبەتی لەسەدەی پێنج و شەش دا

٧٠- ینظر:مقارنة الأدیان :١٤١/٤

٧١- مارتن لۆسەتر کینج ١٩٢٩ .١٩٦٨م مافخوازێکی ئەمەریکی بەڕەچەڵەك ئەفەریقی بوو ، خاوەنی داواکاری نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی بوو دژی ڕەش پێستەکان ساڵی ١٩٦٤ نەوبڵی پێدرا ، بچوکترین کەس بوو کە نەوبڵی پێدرابێت ساڵی ١٩٦٨ کوژرا ، گرنگترین کەس بوو لە پێناو ئازادی و مافی مرۆڤدا خەباتی کردووە .

٧٢- هەندێك ڕونکردنەوە دەکەین لەکاتی باسکردنی ڕاوانانی ئاینی لەناو مەسیحیەکان .

٧٣- ینظرانجیل بوذا :بول کاروس ، ترجمة عیسی سابا ، دار الکتاب ، بیروت ،الطبعةالثانیة ١٩٥٧ ،ل ٥٨ .

٧٤- المصدرنفسه ، ص : ٦٠ .

٧٥- انجیل بوذا :بول کاروس :ل ١٠٢ .

٧٦- ینظر : القواعد الأساسیة لمذهب النرفانا : ل ١٥٨ .

٧٧- ینظر : مقارنة الأدیان : ص : ١٨٣ .

٧٨- ینظر :معالم تأریخ الأنسانیة : ٤٨٦ .

٧٩- هۆی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە ، هەرهەمان هۆی شکستیان بوو ، بوزیەکان نەیان توانی بەرانبەر هیندۆسیەکان خۆیان ڕاگرن ، یاسای چینایەتی لە ولاّتی خۆیان لە هیند بەهۆی لەیەك تێنەگەیشتن ، ئەم بیرۆکە لەولاّت دەرکەوت وە یاسای چینایەتی جارێکی تر هاتەوە ناو هیند تا ئەمڕۆ بەردەوامە :ینظر : حجارات الهند ل ٦٢٢

٨٠- ئینجیل بوزا ل : ٢١٩ .

٨١- ينظر: حضارات الهند :٦٢١ ـ ٦٢٤ . بروانه : سەرچاوەی پێشوو : ١٠٣ ، ١٠٩

٨٢- جینا چەپۆك وەشێنی سەركەوتوو ، ئەوكەسەی كە بزوتنەوەی جینی بەناویەوەیە ، ناوی (مەهاویرا) یە یان پاڵەوانی مەزن ، گۆشەگیرەكان كاریان تێكرد ڕووی كردە گۆشەگیری و خۆگرتنەوە ، هەتا گەشتە ڕادەی خۆڕزگاركردن لە كۆتەكانی ژیان پاشان دەستی كرد بە بانگهیشتن بۆ ڕێگاكەی ، لایەنگرانی بریتیبوون لەوكەسانەی سەركەوتووبوون بەسەر ئارەزووەكانیاندا وەزاڵبوو بوون بە سەر ژیان پەررستیدا . ینظر : مقارنه الأدیان : ل : ١١٥ .

٨٣- ئەوی بانگی بۆ ئەم بۆچوونەكرد مێژوونووس غوستاف لوبون بوو لە كتێبەكەیدا (مێژووی شارستانیەت) ل ٦٢١ باسی كارێكی زۆر گرنگ دەكات ، بۆچوونی جینی بەرانبەر بە چینایەتی وای لێكردن كە باوەڕیان بە خواكان نەمێنێت ، لە ڕەوانگەی ئەوانەوە چینایەتی دروست دەكات ، ینظر : قصه الحچاره : ١/ ٦٤ .

٨٤- خۆلەناوبردن لە مەزهەبی جینی دا پۆپلەی ئاواتی قەشەكانە ، هەرئەم هۆیەش وایكردوە كە زۆربەیان لەوپێناوەدا بمرن ، فەلسەفەی ئاینەكەیان دەڵێت نابێت زیان بەكەس بگەیەنیت هەرگیان لەبەریك بێت _ ئەویش بەخۆڕزگاركردنە بە خۆلەناو بردن ، تا زیان بەخەڵگ نەگەیەنێت ،ینظر : قصه الحچاره : ٦١/١ .

٨٥- ینظر : دین الخاصة أو آلهة الحكماء . ج روز . الدیانة الیونانیة القدیمة ، ترجمة رمزی عبدة ، دارالنهضة ، مصر ، القاهرة ١٩٦٥ ، ل ١٥١ .

٨٦- ینظر : أشعار هومیروس ، هومیروس ، ترجمة أمین سلامة ، دار الأدباء ، القاهیرة ١٩٦٠ ، ل ٤٨ .

٨٧- ینظر :الدیانة الیونانیة القدیمة : ص: ١٨ .

٨٨- ینظر :تأریخ الفلسفة الغربیة ، برترا راسل ، ترجمة أحمد أمین ، الطبعة الثالثة ١٩٧٨ ،٣٤/١ .

٨٩- ینظر :الدیانة الیونانیة القدیمة : ص : ٣٠ .

٩٠- پێویستە ئامازەبكەین بۆ وتەیەكی ئەرەستو كە دەڵێت : ئەوانەی سنووری پیرۆزییەكان ئەبڕن هیچ نازانن ینڤر : تأریخ الحچارات العالم : : ٣١٢ .

٩١- سور ةالنحل: ٣٦ .

٩٢- سور ة ال عمران :٥٩ .

٩٣- سورة الاعراف : ٦٥ .

٩٤- سورة الاعراف :٧٣ .

٩٥- كەلبی لە كتێبەكەیدا(الاصنام) دەڵێت : یەكێك لە خزمەتكارانی كەعبە نەخۆش كەوت بەتوندی ، ڕۆشت بۆشام بۆ چارەسەری بینی خەڵكەكە بت دەپەرستن ، پرسیاری كرد ، پێیان ووت بارانمان بۆدەباریێنێ و سەرماندەخات بەسەر دوژمندا ، وتی هەندێكم پێبدەن ، ئەوانیش پێیان دا ، لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە بۆ مەكە و چەقاندی بە دەوری كەعبەدا ، الأصنام ، هشام أبو منژر الكلبی ، تحقیق : أحمد زكی ، دار القومیه للگباعه . القاهره : ١٩٦٥م ، ص : ٨ .

٩٦- سورة الأنبیاء ٥٤،٥١ .

٩٧- كتاب الأصنام : ص : ٢٣ .

٩٨- المصدرنفسة .

٩٩- هەرلەم ڕەوانگەوە كەلبی باس دەكات و دەڵێت : وەد و سواع و یەغوس و یەعوق و نەسر پیاوچاك بوون ، هەموویان لەیەك مانگدا مردن ، خزمەكانیان زۆر دڵگران بوون ، پیاوێك لە تیرەی قابیل وتی : ئەی خزمانم دەتانەوێت پێنج پەیكەرتان بۆ بتاشم وەك وێنەی خۆیان ؟ بەمەرجێك من ناتوانم گیانیان بەبەردا بكەم ، پێنج پەیكەری بۆ تاشین وەك خۆیان دایكوتا بۆیان ، المصدرالسابق ، ص : ٥١ .

١٠٠- سورةالزمر ، : ٣ .

١٠١- سورة یوسف: ٣٩ .

١٠٢- سورة الاعراف: / ٨٠ .

١٠٣- سورةالشعراْ ء / ١٨١ .

١٠٤- ئایل تاکە پەرستراوی کەنعانیەکانە کەبالاّ دەست و مەزنە ، ئەوەش بوو کە ئیبراهیم خەلّکی بۆ بانگهێشت دەکرد ، وشەی ئیسرائیل لێرەدا بەمانا بەندەی خواوەند ئایل دێت ، لێکۆلّینەوەکان وادەگەیەنن کە ناوی ئسرائیل لە نوسینە میسریە کۆنەکاندا هاتوە لە کاتی منفتاح ١٢٣٠ پ . ز کە ناوبوە بۆ یەکێك لە شارەکانی فەلەستین ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە وشەی ئیسرائیل وشەیەکی کەنعانیە ، دەگەڕێتەوە بۆ دووهەزار سالّ پێش زاین ، لەلایەن خەلّکی ناوچەکەوە زۆر بەپیرۆز سەیر دەکرا ، ئەویش پێش هاتنی موسی ، وەپێش یەهودیەت بە چەند سەدەیەك ، الحچارات السامیه القدیمه : موسکاتی : ل : ١٤٠ .

زانایانی زمان دەلّین وشەی (ئەل) بێت یان (ئیل) پالّ دەدرێت بۆ لای خوا ، وەك جبریل و میکائیل ، کەواتە ئیل خوای گشت باوەڕدارە کۆنەکانە ، ینظر :تاج العروس : محمد المرتچی الزبیدی ،تحقیق مجموعه من المحقیقین ، الناشر ، دار الهدایه: ٢٠١/٧ بەلاّم قەلقەشەندی دەلّێت : مانای ئیسرائیل یانی بەندە ، ئایل ناوی خوایە ، ینظر :صبح الاّعشی فی صناعه الإنشا ، أبوالعباس أحمد بن علی القلقشندی (٨٢١هـ) المگبعه الاّمیریه ، القاهره ١٩١٥ م ،: ٣٥٨/١٣ .

١٠٥- سفر التکوین : ٢٢ ، ٢٨ ، ٢٩ .

١٠٦- ئەم میرنشینەی جوولەکە پاشان بوو بە دوو بەشەوە یەکێکیان کە ئیسرائیلە و پایتەختەکەی (سامیرە) یە ، دووهەمیان (یەهوز) یە کە پایتەختەکەی ئۆرشەلیمە ، سفر الاول : ١١ ، ٤٠ ، ١٢ ، توشی چەندین شەڕ هاتوە گرنگترینیان شەڕی کلدانی بوو کە جوەکانی تێکشکاند و زۆربەیانی بەدیل برد بۆ بابل ئەمەش لەسەردەمی نەبوخوزنەسر لەسەدەی شەشەمی پ. ز ، نزیکەی ٥٨٦ بەرلەئێستا ، سفر الملوك الپانی ، الإصحاح : ٢٤ ، ١ـ٦ . ١٧ـ ٩٢

١٠٧- ینظر : تاج العروس : ٢/ ٥٤٨ .

١٠٨- ینظر : الملل والنحل : ٣/ ٤٩

١٠٩- ینظر : تأریخ ابن خلدون : ٢/ ١١٠

١١٠- له (قصة الحضارة) :٣٢٦/٢ بەمانا منداڵ دێت ، زۆرناوێکی باوە لەناو فیرعەونەکاندا وەك : ئەحمەس ، تەحتەمس ، رەعمس ،ینظر : انتصار الحچاره : ص ٧٨ .

١١١- یوسفوس قەشەیەکی جولەکەیە و مێژوو نووسە : ٣٨ پ . ز لە قدس لە دایك بوە ، گرنگی بە فیقهی جولەکە داوە ، بەشداری شەڕی جولەکەی کردوە لەگەلّ ڕۆمان سالّی٣٦ زایەنی ، زۆر نوسراوی هەیە لەوانە : (حرب الیهود) و (تأریخ الیهود)

١١٢- Freud,moses, p , 77

١١٣- ینظر :سفر الخروج : الإصحاح الثاني / ٩ـ ١٠

١١٤- سورةمریم : ٥١

١١٥- سورةالقصص : ٧٨

١١٦- سورةالشعراء: ٢٩

١١٧- سورةالأعراف : ١٢٣ .

١١٨- سورةالأعراف: ١٢٤ .

١١٩- ینظر :غوستاف لوبون : المصدرالسابق : ٢٥

١٢٠- Freud mos es and monot he ism ,p ,74

١٢١- يەكێك لە گوتارە دژبەیەکەکانی تەورات ، ئەویە قەشەکان تۆمەت باری موسا دەکەن بە خیانەتی خواوەند ، بۆیە ئەویش بەمردن سزای دا ، ئەم تەوراتە موسا بە خائن باس دەکات، لەبەر ئەم خیانەتەی خوا . ینظر : البدایه وانهایه ، اسماعیل بن عمر بن کپیر أبو الفداو (ت٧٧٤هـ) الناشر: مکتبه المعارف . بیروت: ١/ ٣٠٥

١٢٢- الإصحاح الأول : ١ـ١٢ .

١٢٣- العدد : الإصحاح السادس عشر : ١ـ١٥ الإصحاح العشرون : ٢ ـ٦

١٢٤- سورة طه: ٨٧ ـ٩٦ .، سورةالأعراف : ١٤٧ .

١٢٥- سامری: پیاوێکی زێڕ فرۆشبوە لەنەتەوەیەکی گا پەرستە پیاوێکی دوو ڕوو جادوو گەربوە ، ینظر : الکشف والبیان ،أبو إسحاق أحمد بن محمد بن إبراهیم الپعلبی النیسابوری، تحقیق : الإمام أبی محمد بن عاشور، ،دار النشر : دار إحیاو التراپ العربی – بیروت – لبنان – الگبعه الاولی : ١٤٢٢ هـ – ٢٠٠٢ م ١ / ١٩٤ .

١٢٦- ینظر :سفر الخروج : الإصحاح : ٣٢

١٢٧- ینظر :سفر الخروج ، الإصحاح الرابع :١

١٢٨- ینظر: سفر الخروج ، الإصحاح :٣٢ ، ١ـ٧ .

١٢٩- ینظر :سفر الخروج ، الإصحاح :٣٢ ، ٨ـ٢٦ .

١٣٠- قصة الحضارة : ٢/ ٣٣٨

١٣١- ینظر :سفر القضاة ، الإصحاح الثاني : ١١ـ١٣

١٣٢- ینظر :سفر القضاة ، الإصحاح الثالث : ١٢ ـ١٧

١٣٣- یەهوە : گەورە پەرستراوی عیبرانیەکانە ، بڕوانە ، الإصحاح : ٢٥ ، ٢٣ ، التکوین :٢٣ ، ١ و یوناپان القضاة ، ١٨ ، ٣٠ ، و یهوقیم ، الملوك الپانی : ٢٣ ، ٣٤

١٣٤- Freud moses and monotheism ، 79, P

١٣٥- سورة مریم ٣٠،٣٣ وة سورة سورة الزخرف ١٣ سورة الصف ١٤ سورة المائدة :٤٧،٧٣،٧٦

١٣٦- ئینجیل : وشەیەکی یونانیە مانای مژدەیە . ینظر : دائره المعارف الإسلامیه ، محمد پابت الفندی وێ خرون ، گبعه مصر ١٣٥٢هـ ، ١٩٣٣ م ، ٣/٣١ .

١٣٧- سورة الحدید: ٢٥

١٣٨- ینظر : لسان العرب : (مادەی نصر) : ٢١٢/٥

١٣٩- بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە لە وشەی مەسیح بڕوانە ئەم سەرچاوانە: ینظر شفاو الغلیل فی بیان ماوقع فی التوراه والإنجیل من التبدیل ، الجوینی ، أبو المعالی ، تحقیق ، أحمد الحجازی . و لسان العرب : (ماده مسح) ، ٢/٣٦٥

١٤٠- زێڕ چەپۆکی جولەکە لەلایەن ڕۆمانەوە پاش زنجیرە شکاندنێك توشیان بوو پاش ڕووخاندنی دەوڵەتەکەیان لە زێڕ دەستی نەبوخوزنەصر (٦١٢ـ ٥٣٨) پ. ز لەپاشان داگیر کردنی فارس (٥٣٨ ـ ٣٣٢) پ.ز پاشان داگیر کردنی ئەغریقی (٣٣٢ ـ ٦٤) پ.ز تا هاتنی ڕۆمان دەستگرتنیان بەسەر ئۆرشەلیم دا ـ قودس ـ خستیانە زێڕ دەسەلاّتی خۆیانەوە لە سوریا ساڵی ٦٤ پ.ز لە زێڕ دەستی بومبا ، سەیری josephius,j ewish antiquitics,p.138 :

١٤١- ینظر : التنبیه والإشراف :المسعودي ، دارالتراث ، بیروت ١٩٦٥ ل ١٠٧ ، ١١٠

١٤٢- ینظر : تأریخ الرومان حتی عهد قسطنطین ، هشام الصفدي ، دار الفکر الحدیث ، بیروت ١٩٦٥ ، ٧٦/١

١٤٣- ینظر: التأریخ الروماني (عصر الثورة) ، أحمد عبداللطیف ، دار النهضة ، القاهرة ،١٩٧٣ ، ل ١٠٠ .

١٤٤- جیهان لەم سەردەمەدا زۆر شۆڕشی دووبارە بوە وەی بە خۆیەوە بینی کە کۆیلەکان پێی هەڵدەسان ، لەوانە شۆڕشی کۆیلە لە صەقەلیە ١٣٩ پ. ز بەسەرپەرشتی سلفیوس ، بەلاّم ئەو شۆڕشەی دەنگی دایەوە شۆڕشی سێیەمی کۆیلەکانە بەسەرپەرشتی سبارتاکوسی ساڵی ٧٣ پ.ز الموسوعه السیاسیه : ٩٠٢/١

١٤٥- المصدر نفسه

١٤٦- مقومات التصور الإسلامي ، سيد قطب ، الناشر : دار الشروق ، الطبعة الأولى : ١٩٨٦
١٤٧- ماهية الدين قضايا أولية لاصلاح الفلسفة ونصوص أخرى ، دار الثقافة العربية للطباعة والنشر . القاهرة : ٢٠٠٧ م ، ص : ١١٦. ١١٧
١٤٨- سورة تى الإسراء ئايەتى : ٧٠
١٤٩- سورة تى التين ، ئايەتى : ٤
١٥٠- ئامازەيە بۆ سورەتى لقمان ، ئايەتى : ٢٠
١٥١- لەوانة (لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لاَانفِصَامَ لَهَا وَاللهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ : البقرة : ٢٥
١٥٢- سورة البقرة :٢٥٦
١٥٣- لەوانة : (وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لآمَنَ مَنْ فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ) يونس : ٩٩
١٥٤- سورة الكهف:٢٩
١٥٥- سورة الرعد: ٤٠ .
١٥٦- سورة الإسراء : : ٧٠
١٥٧- سورةالأنعام: ١١
١٥٨- سورة الحج: ٤٣
١٥٩- لەوانة (وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا ۚ أُولَٰئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ) الأعراف : ١٧٩
١٦٠- سورةالحج: ١٧٠
١٦١- زۆربەی زانایان و فەیلەسوفە ئیسلامیەکان ئاماژەیان بۆ ئەمەکردوە ، رسالە التوحيد : ص : ١٢٢
١٦٢- سورةی النساء: ٥
١٦٣- بروانة (العقيدة والشريعة)ی (جولد تسهير) " مقارنة الأديان : ٥٥/٣
١٦٤- قورئان دیلەکان ئازاد دەکات لە هەڵبژاردنی بەئازادکردن بێبەرانبەر مالّ یان کەسێتی ، لەئیستا دا پێی دەوترێت ئالّ و گۆڕکردنی دیل : سورەی محمد ، ئایەتی : ٤ .وە سەیری الحريه فی الإسلام : ل ٥٥ بکە
١٦٥- ئةم رِيَطاية بةم شيَوةية :
١٦٦- ١-ئازادکردنی کۆیلە لەسەر سوێنخواردن ، سورەتی المائدە، ئایەتی : ٩٠ .
٢ـ ئازادکردنی کۆیلە لەسەر کوشتنی نەزانین ، سورەتی النساو ، ئایەتی : ٩٠ .
٣ـ یەکێکە لەبەشەکانی پێدانی زەکات ، سورەتی التوبە ، ئایەتی : ٥٩ .
٤ـ ئازادکردنی کۆیلە دەبێتە عیبادەت و نزیک بوونەوە لە پەروەردگار ، سورەتی البلد ، ئایەتی : ١٢ .
١٦٧- سورة النساء: ١٢ .
١٦٨- ينظر : نظام الرق في الإسلام ، عبدالله ناصح علوان ، الناشر : دار السلام ، الطبعة الخامسة : ٢٠٠٤ م ص ١٧
١٦٩- سورة النساء: ٢٥ .
١٧٠- سورة ال عمران: ١٥٩
١٧١- سورةالشورى: ٣٩
١٧٢- فتوح مصر وأخبارها ، أبوالقاسم عبدالرحمن بن عبدالله عبدالحكم بن أعين القرشي المصري ، دار النشر : دار الفكر . بيروت ، الطبعة الأولى : ١٤١٦ هـ ١٩٩٦ م ،ص٤

المصـــــادر والمراجـــــع

القرآن الكريم

١. أشعار هوميروس ، هوميروس ، ترجمة أمين سلامة ، دار الأنباء ، القاهرة ١٩٦٠ م .

٢. انتصار الحضارة ، برسيتد هنري ، ترجمة أحمد فخري ، مطبعة أنجلو المصري ، القاهرة ، فرانكفورت (د . ت)

٣. انتصار الحرية ، جيمس هنري ، الناشر : برسيتد ، تحقيق : أحمد فخري، الناشر : مكتبة الأنجلو المصرية ، الطبعة الأولى : ١٩٦٩ م .

٤. انجيل بوذا ، بول كاروس ، ترجمة عيسى سابا ، دارالكتاب ، بيروت ، الطبعة الثانية ١٩٥٧ م .

٥. الأصنام ، هشام أبو منذر الكلبي ، تحقيق ، أحمد زكي ، دار القومية للطباعة ، القاهرة : ١٩٦٥م .

٥. الله ، العقاد ، دار المعارف ، الطبعة السادسة ١٩٦٩ م .

٦. بحوث ممهدة لدراسة تأريخ الأديان ، عبدالله دراز ، دار القلم ، دارالكتب ، بيروت ، الطبعة الثانية ١٩٧٠ م .

٧. البداية والنهاية ، إسماعيل بن عمر القرشي أبو الفداء (ت ٧٧٤ ه) الناشر مكتبة المعارف . بيروت .

٨. تاج العروس ، محمد بن محمد بن عبدالرزاق الحسني (المرتضى الزبيد١٢. تحقيق ما للهند ، أبوريحان محمد البيروني ، عالم الكتب ، بيروت ١٩٥٨ م .

٩. تحقيق ما للهند ، أبوريحان محمد البيروني ، عالم الكتب ، بيروت ١٩٥٨ م .

١٠. تأريخ الأديان ، أحمد شلبي ، مكتبة النهضة العربية ، الطبعة السابعة : ١٩٨٤م .

١١. تأريخ الحضارات العالم ، موريس كروزيه ، الطبعة الثانية ، منشورات عويدات : ١٩٨٦م .

١٢. تأريخ ابن خلدون ((العبر وديوان المبتدأ والخبر في أيام العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر) أبو زيد ولي الدين الحضرمي الأشبيلي (ت ٨٠٨ ه) المحقق: خليل شحادة ، الناشر : دار الفكر ، الطبعة الثانية : ١٤٠٨ه . ١٩٩٨م .

١٣. التأريخ الروماني (عصر الثورة) أحمد عبد اللطيف ، دارالنهضة ، القاهرة ١٩٧٣ م .

١٤. تأريخ الفلسفةالغربية ، برتراراسل ، ترجمة أحمد أمين ، الطبعة الثالثة ١٩٧٨ م .

١٥. التعريفات ، علي بن محمد الشريف الجرجاني ، مطبعة الحلبية ، القاهرة ١٣٢١ هـ .

١٦. التنبيه والاشراف ، المسعودي ، دار التراث ، بيروت ١٩٦٥ م .

١٧. الحرية في الإسلام ، الشيخ محمد الخضري حسين ، دار النشر : دار الإعتصام ، القاهرة (د . ت)

١٨. الحضارات السامية القديمة ، سبتينو موسكاتي ، ترجمة ، السيد يعقوب بكر ، الناشر ، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر ، القاهرة (د . ت)

١٩. الحضارات السامية ، طه باقر ، دار الحوادث ، بغداد : ١٩٧٣ م .

٢٠. حضارة العراق ، فاضل عبد الواحد ، دارالجيل ١٩٨٥ م .

٢١. حضارات الهند ، غوستاف لوبون ، ترجمة عادل زعيتر ، دار احياء الكتب العربية ، الطبعة الأولى ١٩٤٨ م .

٢٢. دائرة المعارف الإسلامية ، محمد ثابت الفندي وآخرون ، طبعة مصر ١٣٥٢ هـ ،١٩٣٣ م .

٢٣. الديانة الفرعونية في أفكار المصريين عن الآخرة ، ولسن بدج،ترجمة يوسف اليوسف،دار المجد ، بيروت ١٩٨٣ م .

٢٤. دين الخاصة أو آلهة الحكماء للديانة اليونانية القديمة ج روز ، ترجمة رمزي عبدة ، دار النهضة ، مصر ، القاهرة : ١٩٦٥م .

٢٥. الديانة اليونانية القديمة ، ترجمة رمزي عبدة ، دار النهضة مصر ، القاهرة ١٩٦٥ م .

٢٦. الدين والحرية ، ساعد عبد الجبار ، الدار العلمية للطباعة ، طرابلس : ٢٠٠٥ م .

٢٧. رحلة الكلمات ، علي فهمي خشيم ، دار إثراء للطباعة روما ، الطبعة الأولى ١٩٨٦ م .

٢٨. رسالة التوحيد ، محمد عبده ، دار احياء العلوم ، بيروت ، الطبعة الرابعة (د . ت)
٢٩. شفاء الغليل في بيان ماوقع في التورات والانجيل من التبديل، الجويني ، أبو المعالي، تحقيق أحمد الحجازي(د.ت)
٣٠ صبح الأعشى في صناعة الانشا ، أبوالعباس أحمد بن علي القلقشندي (ت٨٢١هـ) ، المطبعة الأميرية ، القاهرة ١٩١٥ م .
٣١. العصور القديمة ، هنري برسيتد ، ترجمة قربان داود ، بيروت ، المطبعة الامريكانية ١٩٣٠ م .
٣٢. العقيدةوالشريعة ، جولد تسهير ، أجناس ، موسى ، محمد يوسف ، دار الكاتب المصر ١٩٤٦ م .
٣٣. فتوح مصر وأخبارها ، أبوالقاسم عبدالرحمن بن عبدالله عبدالحكم بن أعين القرشي المصري ، دار .النشر : دار الفكر ، بيروت ، الطبعة الاولى: ١٤١٦هـ ١٩٩٦م .
٣٤. في صراع الأخلاق وأيدولوجية قيادة المجتمع ، راجي أنور هيفا ، مجلة النبأ ، العدد ٦٤ عام ٢٠٠١م .
٣٥. قصة الحضارة ، ول ديورانت ، الناشر ، دار الجيل للطبع وانشر والتوزيع ، دار الجيل للطبع والنشر والتوزيع ، ٢٠١٠ م .
٣٦. لقواعد الأساسية لمذهب النيرفانا ، بهيهكو اوتيلا ، ترجمة عفت عفيفي ، مجلة العربي ، اغسطس ١٩٧٢ م .
٣٧. كتاب الهندوس المقدس ،منوسمرتي،ترجمة،احسان حقي،دار اليقضة العربية للتأليف والنشر ، بيروت (د . ت)
٣٨. كشاف الفنون ، التهانوي (ت ١١٥٨ هـ) ، تحقيق ، د علي دحروج ، الناشر ، مكتبة لبنان ناشرون ، بيروت ، الطبعة الأولى ١٩٩٦ م .
٣٩. الكشف والبيان ، أبو اسحاق أحمد بن إبراهيم الثعلبي النيسابوري ، تحقيق ،الامام أبي محمد بن عاشور ، دار النشر ، داراحياء التراث العربي ، الطبعة الأولى ، بيروت ، لبنان ١٤٢٢هـ ، ٢٠٠٢ م
٤٠. لسان العرب ، أبوالفضل مكرم ابن منظور ، دار صادر ، بيروت ١٩٧٥ م .
٤١. لماذا الدين ضرورة حتمية ، البروفيسور ، هوستن سميث ، تعريب وحواشي ، سعد روستم ، الناشر : دار الجسور الثقافية ، الطبعة الاولى : ١٤٢٦ه . ٢٠٠٥م .
٤٢. الله ، العقاد ، دار المعارف ، القاهرة ، الطبعة السادسة : ١٩٦٩م .
٤٣. ماقبل الفلسفة ، مجموعة من المؤلفين ، تحقيق ، جبرا إبراهيم جبرا، الناشر: المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، الطبعة الثالثة : ١٩٨٢م .
٤٤. ماهية الدين قضايا أولية لاصلاح الفلسفة ونصوص أخرى،دار الثقافة العربية للطباعة والنشر،القاهرة : ٢٠٠٧ م
٤٥. مجلة البحوث الإسلامية ، العدد الأول ، الاصدار من رجب إلى رمضان لسنة : ١٣٩٥ه .
٤٦. مدخل إلى دراسة تأريخ الأديان ، د . مسعود حايفي ، الناشر : دار الأوائل للنشر والتوزيع واخدمات الطباعية ، دمشق ، الطبعة الأولى : ٢٠١٠
٤٧ مشكلة الحرية ، زكريا إبراهيم ، الناشر : مكتبة مصر للمطبوعات ، الطبعة الثالثة : ١٩٦٣ م .
٤٨ معالم تأريخ الانسانية ، جورج ويلز ، ترجمة ، عبدالعزيز توفيق جاويد ، الناشر ، الهيئة العامة المصرية للكتاب (د . ت)
٤٩. المعجم الوسيط ، إبراهيم مصطفى وآخرون ، دارالنشر ، دار الدعوة الاستقراطية (د . ت)
٥٠ مقارنة الأديان ،أديان الهند الكبرى ، الدكتور أحمد شلبي ، مكتبة النهضة المصرية ، الطبعة السادسة ١٩٨١ م
٥١. مقومات التصور الإسلامي ، سيد قطب ، الناشر : دارالشروق ، الطبعة الأولى : ١٩٨٦م .
٥٢. الممل والنحل ، الشهرستاني ، مطبعة الأدبية ، القاهرة ، الطبعة الأولى :١٣٢٧ه .
٥٣. المنجد في اللغة ، دار المشرق ، بيروت ، الطبعة السادسة والثلاثون : ١٩٩٧م .
٥٤.الموسوعة السياسية الإسلام ، عبدالله ناصح علوان ، الناشر ، دار السلام ، الطبعة الخامسة : ٢٠٠٤م .
٥٥. نظم الرق في الإسلام ، عبدالله ناصح علوان ، الناشر : دار السلام ، الطبعة الخامسة : ٢٠٠٤م .

ملخص البحث

الحرية من أهم الأمور التي اهتم بها الإنسان ، لأنها متعلقة بعقله وفكره الآمر بالسعادة ، لذا كان المفكرون وأصحاب العقول الراسخة جعلوا الشعائر الدينية محطة للوصول إلى الحرية التي يبحث عنها الأنسان ، وهذا البحث يتطرق عن دور الأديان السماوية والمعتقدات التي كان الناس يؤمنون بها في نشر الحرية للإنسان ، فضلا عن دراسة الأديان القديمة والحديثة .

ABSTRACT

The question of freedom is old as human and dates back to the beginning of live on the planet. it is the humanity case and related to the mentality of human thoughts. Religious Intellectuals and thinkers are always wanted to make religion as an instrument in order to achieve freedom and liberty. In this research the role of the both religious type; monotheism and polytheism have been discussed. In addition to the analysis of the importance of the religion to the individuals, the question of has the religion had the ability to achieve the human aspirations and to obtain the marvelous freedom have been evaluated.